# قوربانیانی مەدەنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە باکوری عێراق (٢٠١٥ - ٢٠٢١)



ڕاپۆرتی کەمپەینی

کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن

ئابی ٢٠٢٢

# پێڕست

**دەستپێک** ٣

**گرنگترین بەدەستهێنراوەکان** ٤

**میتۆدۆلۆجی** ٨

تێگەیشتن لە داتاکان ٨

**شیکردنەوەی ناوەڕۆک** ١٠

بۆردوومانکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی ١٠

بە ئامانجگرتنی جوتیاران و ئاژەلداران ١٢

بە ئامانجگرتنی گوندنشینان لە کاتی کۆکردنەوەی گژوگیای خۆڕسک لە چیاکان ١٢

هێرشی ئاسمانی بۆسەر ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانی مەدەنی ١٣

بۆردوومانی سوپای تورکیا بۆ سەر کوردانی تورکیا لە کەمپی ئاوارەکانی مەخمور ١٤

ئەو هێرشانەی تر کەبوونەتە مایەی مەرگ و زیانی گیانی ١٥

شوێنی جوگرافی ئەو ناوچانەی کە هێرشەکان تیایاندا ڕوویانداوە و هاوڵاتیانی مەدەنی شەهید یاخود بریندارببوون ١٥

جۆری ئەو چەکانەی کە لە هێرشەکاندا بەکارهێندراون ١٦

کاریگەرییەکانی تری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی ١٧

**ڕاسپاردەکان** ٢٠

**ئامادەکارانی ئەم ڕاپۆرتە و کەمپەینی «ئێستا گوێمان لێبگرن** ٢١

پاشکۆی ژمارە ١ ٢٢

پاشکۆی ژمارە ٢ ٢٤

---

ناونیشانی وێنەی بەرگەکە: جەواهیرە لەگەڵ کەسوکارەکەیدا، شیوەن بۆ مەرگی هیمدادی کوڕی دەکات کە لە ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧دا لە نزیک گوندی بەرمیزە، لە هێرشێکی ئاسمانیدا کوژرا.

«کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن»، هەڵمەتێکە کە لە ساڵی ٢٠٢٠وە ڕاگەیاندراوە و هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی ژمارەیەك لە ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی و دەرەکیە، کە ئامانجیان داکۆکیکردن و بڵاوکردنەوە زانیاری و ئاگاییە لەسەر بۆردوومانەکان لە باکوری عێراق. ئەندامانی ئەو هاوپەیمانیەتیە بریتین لە: دەستپێشخەری هەماهەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی ICSSI, تیمەکانی بنیادنەری ئاشتی کۆمەڵگە CPT، ڕێکخراوی CODEPINKی ئەمریکی، ڕێکخراوی Iraq Body Count IBC، دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ چالاکی ناتوندوتیژی NOVACT، ڕێکخراوی UPPی ئیتالی، ڕێکخراوی هاوسۆزی لەگەڵ کوردستان Solkurdی نەرویجی. بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن دەستپێشخەری هەماهەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی ICSSI و بە هەماهەنگی ئەندامانی تری هاوپەیمانیەتیەکە ئەنجامدراوە.

**بڵاوکراوەتەوە:** ئابی ٢٠٢٢

**پەیوەندیمان پێوەبکە:** endcrossborderbombing@gmail.com
**وێبگە:** bit.ly/icssi-ecbb

# دەستپێک

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو زەرەر و زیانانەی کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە سنوربەزێنییەکانی تورکیا داویەتی لە هاوڵاتیانی مەدەنی لە باکوری عێراقدا، جێگای نیگەرانی و لەسەر وەستانە. پێویستی بە هەڵوێستە لەسەر کردنی هاوبەشە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

ئەم ڕاپۆرتە تێکڕای ئەو دەرئەنجامانە پێشکەش دەکات کە لە لێکۆڵینەوەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەوە بەدەستهاتوون کە توندوتیژییەکانی دژ بە هاوڵاتیانی مەدەنی بە بەڵگەنامە دەکەن و کار بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. ئەم ڕاپۆرتە تیشک دەخاتە سەر ژمارە و پێناسی ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کە لە ئەنجامی کردەوە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە ناوچەکانی ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاخود ئیدارەی حکومەتی فیدراڵی عێراق لە پارێزگای نەینەوا شەهید و برینداربوون. ئەم ڕاپۆرتە شیکردنەوە بۆ شێوە و جۆری ئەو هێرشانە دەکات کە بوونەتە هۆی زیانگەیاندن بە هاوڵاتیانی مەدەنی و هەروەها ئەم ڕاپۆرتە لە  کاریگەرییەکانی تری ئەو هێرشانە لە وێرانکردنی گوندەکان، ماڵ، نەخۆشخانە، لەوەڕگاکان و زەوی کشتوکاڵی دەکۆڵێتەوە.

ئەم ڕاپۆرتە ڕوماڵی ئەو هێرشانە دەکات کە لە ١ی ئابی ٢٠١٥ەوە کاتێک بۆ یەکەم جار لەدوای شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی نێوان کۆماری تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە»، چەندین هاوڵاتی مەدەنی لە ئەنجامی چەند هێرشێکی ئاسمانی تورکیا بۆسەر گوندی زارگەڵی شەهید و برینداربوون تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ کە لەلایەن سوپای تورکیاوە ئەنجامدراون.

لە ١٧ی نیسانی ٢٠٢٢دا، ئۆپەراسیۆنێکی نوێی سەربازی لەلایەن سوپای سەربازی تورکیاوە لە ژێر ناوی چنگی-قفڵ، لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ڕاگەیاندرا. ئۆپەراسیۆنی چنگی قفڵ، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەک ئۆپەراسیۆنی سەربازیی یەک لەدوای یەکی سوپای تورکیا کە لەساڵی ٢٠١٨ەوە سوپای تورکیا دەستیپێکردووە. لە ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیادا ، لە ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئاسمانیەوە بۆردوومان ئەنجامدەدراو پاشان هێزی تایبەتی سەربازی بەقوڵایی ١٢-١٥ کیلۆمەتر لە باشوری سنوری تورکیاوە لە شوێنی دروستکردنی بنکە و بارەگای چاودێریکردنەوە بڵاوەیان پێکرا. لە ئەنجامدا، ئەو هاوڵاتییە مەدەنیانەی کە لە ناوچە و دۆڵەکانی ئەو سنورەدا دەژیان و بژێوی ژیانیان بەدەستدەهێنا، لەلایەن تۆپخانەکانی تورکیاوە بە ئامانجدەگیران و یان ناچار بە ئاوارەبوون یاخود ناچار بە ژیانکردن دەکران لە ژێر کۆنترۆڵی سەربازی سوپای تورکیادا.

[1] سوپای تورکیا لە ساڵانی ١٩٩٠ەوە ئۆپەراسیۆنی سەربازی سنوری لە باکوری عێراقدا لە ڕێگەی تۆپباران و هێرشی ئاسمانی و ئۆپەراسیۆنی کورت مەودای زەمینی ئەنجامدەدات و تاوەکو کۆتایی ساڵانی ١٩٩٠، لە ڕێگەی ١٠ بارەگای سەربازی ئامادەگی لە باکوری عێراقدا هەبووە. لە ساڵی ٢٠١٨دا ستراتیژیەتی سەربازی تورکیا گۆڕا. ئەو هێزە سەربازییانەی تورکیا کە خاکی هەرێمی کوردستانیان داگیردەکرد، دەستیان کرد بە دروستکردنی دەیان بنکەی سەربازی درێژ مەودا کە توانای زاڵبوونی سەربازیی هەبێت بەسەر ناوچە سنورییەکاندا. تەواوی ئەو بارەگایانە لەڕێگەی دروستکردنی ڕێگای سەربازییەوە بە خاکی تورکیاوە دەگەیەندرێن و لە ئەنجامدا هاوڵاتیانی مەدەنی ئاوارە دەبن. ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی کە لە ساڵی ٢٠١٩ەوە ئەنجامدراون: چنگی ١،٢،٣ لە ساڵی (٢٠١٩)، چنگی هەڵۆ و چنگی پڵنگ لە ساڵی (٢٠٢٠)، چنگی هەورە بروسکە و تریشقە ساڵی (٢٠٢١)، چنگی قفڵ (٢٠٢٢).

[2] چاودێرانی مافی مرۆڤ، بە تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١دا، بەلایەنی کەمەوە دروستکردنی ٢٠ بارەگای نوێی سەربازی سوپای تورکیایان بە بەڵگەنامە کردووە. لە ئێستادا ژمارەی گشتی بنکە و بارەگا سەربازییەکانی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بە زیاتر لە ٦٠ بنکە و بارەگا دەخەمڵێندرێت.


# گرنگترین بەدەستهێنراوەکان

لە ١ی ئابی ساڵی ٢٠١٥ەوە تاوەکو ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١، سوپای سەربازی تورکیا بەلایەنی کەمەوە ٨٨ هێرشی ئاسمانی، زەمینی، تۆپبارانی لە سنوری خاکی کوردستانی عێراقدا ئەنجامداوە کە بوویێتە هۆی گیانلەدەستدان و برینداربوونی هاوڵاتیانی مەدەنی.

سەرباری لێدوانە فەرمییەکانی دەوڵەتی تورکیا، کە ئاماژە بەوە دەکەن لە ئۆپەراسیۆنەکانیاندا، بەتەنیا چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان و گروپە هاوپەیوەندەکانیان بە ئامانج گرتووە، بەڵام لە ٨٨ هێرشی سوپای تورکیادا، ٩٨ بۆ ١٢٣ هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە و ١٣٤ بۆ ١٦١ هاوڵاتی تری مەدەنی برینداربوون. لە دوو ساڵی ڕابردوودا زۆرترین هاوڵاتی مەدەنی لە هێرشەکانی تورکیادا بە ئامانجگیراون. بە شێوەیەک لە ٢٠ هێرشی ساڵی ٢٠٢٠ داو لە ٢٠ هێرشی تری ساڵی ٢٠٢١دا، هاوڵاتی مەدەنی بە ئامانجگیراون و بوونەتە قوربانی.

سەرباری بەرزی ڕێژەی ئەو زیانە گیانیانەی کە بەهۆی کردە سەربازییەکانی دەوڵەتێکی ئەندام لە هاوپەیمانیەتی باکوری ئەتڵەسی «ناتۆ» بەر هاوڵاتیانی مەدەنی دەوڵەتێکی تری هاوسێی کەتووە و کاریگەری گەورەی بۆسەر هەر چوار پارێزگای دهۆک، هەولێر، سلێمانی و نەینەوا درێژبۆتەوە، تائێستا بۆشاییەکی گەورە هەیە لە بە بەڵگەنامە کردن و تۆمارکردنی هەموو ئەو زیانە گیانیانەی کە بەر هاوڵاتیانی مەدەنی کەتووە لە ئەنجامی ئەو کردەوە سەربازییانە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کاردانەوەی سیاسی جددی کەم هەبێت بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی لەو توندوتیژیانە و پشتیوانی پێویستیش فەراهەم نەکرێت بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان کاری کردۆتە سەر ژیانیان.

**زیاتر لە ١١١ قوربانی مەدەنی لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون (شارەکان، شارۆچکەکان، گوندەکان)**. لە ٣٧ هێرشی سوپای سەربازی تورکیادا بۆسەر شوێنەکانی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی کە تیایاندا فڕۆکەی جەنگی، فڕۆکەی



بێفڕۆکەوان، هێلیکۆپتەر، تۆپخانە، چەکی قورس و چەکی سوک بەکارهێندراون سەرباری بە قوربانی بوونی هاوڵاتیانی مەدەنی، هێرشەکان بوونەتە مایەی ڕووخان و زیانگەیاندن بە خانوو، قوتابخانە، نەخۆشخانە، دوکان، پڕۆژەی ئاوی ماڵان، وێستگەی کارەبا و شوێنە پیرۆزەکانی پەرستش. لەو هێرشانەدا، **بەلایەنی کەمەوە ٣٩ هاوڵاتی مەدەنی «لەناویاندا ٤ منداڵ» گیانیان لەدەستداوە و ٧٢ هاوڵاتی تری مەدەنی «لەناویاندا ١٠ منداڵ» برینداربوون.** لەناو شەهید و بریندارەکاندا، کارمەندانی تەندروستی، کاسپ، دوکاندار، خوێندکار، فەرمانبەری شارەوانی و کارمەندانی هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەی کە لەلایەن داعشەوە چیندرابوون هەیە. هەندێک لەو هێرشانە بە دووری ١١٥ کیلۆمەتر لە سنوری تورکیاوە ئەنجامدراون.


**زیاتر لە ٥٦ قوربانی مەدەنی جوتیار و ئاژەڵدار.** سوپای سەربازی تورکیا لە ٢٥ هێرشدا (١٥ هێرشی ئاسمانی، ٩ تۆپباران، ١ هێرش بە چەکی تر) جوتیار و هەنگەوان و ماسیگر و ئاژەڵداری مەدەنی بە ئامانجگرتووە. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا، لانی کەم ٣٥ هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە و ٢١ی تریش برینداربوون. یەکێک لەو بریندارانە کوڕێکی ئێزیدی تەمەن ١٦ ساڵ بووە. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کردن، سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانی هەزاران خێزانە کە لە ناوچەی ئامانجی بۆردوومانەکاندا دەژین.

**زیاتر لە ٢٣ قوربانی لە ئەنجامی هێرش بۆسەر ئۆتۆمێلی هاوڵاتیانی مەدەنی.** سوپای تورکیا، لە ڕێگەی (٨ هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فڕۆکەی جەنگی، ١ هێرشی هێلیکۆپتەر، ١ هێرش بە چەکی تر) ١٠ هێرشی بۆ سەر ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانی مەدەنی کە تەنیا خەڵکی مەدەنی تێدابووبێت ئەنجامداوە. **ئەو هێرشانە بوونەتە هۆی گیانلەدەستدانی ١٣ هاوڵاتی مەدەنی (لە ناویاندا منداڵێک) و برینداربوونی ١٠ هاوڵاتی تر (لە ناویاندا دوو منداڵ).** لە یەکێک لەو ڕووداوەکاندا، کە خێزانێک لە کێڵگەکەی خۆیانەوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لەلایەن دوو هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیاوە بە ئامانجگیران و لە ئەنجامدا ٣ هاوڵاتی مەدەنی (لە ناویاندا منداڵیك) گیانیان لەدەستدا و ٥ هاوڵاتی تری مەدەنیش (لەناویاندا دوو منداڵ) برینداربوون.

**٩ قوربانی مەدەنی لە کاتی لێکردنەوەی گژ و گیای بەهارەدا.** لە چوار هێرشدا (٢ هێرشی ئاسمانی و ٢ تۆپباران)، **٤ هاوڵاتی مەدەنی (لە ناویاندا کچێکی خوێندکاری تەمەن ١٩ساڵان) کوژران و ٥ هاوڵاتی تری مەدەنی لە کاتی لێکردنەوەی ڕووەکی خۆڕسک لە چیاکاندا برینداربوون.** چەندان خێزان، پێداویستی خۆراکی و بژێوی ژیانیان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی گیای خۆڕسک لە کۆتایی وەرزی بەهار و سەرەتای وەرزی هاوین بەدەستدەهێنن.

**نزیکەی ٢٠ قوربانی مەدەنی لە کەمپی پەنابەرانی کوردانی تورکیا لە مەخمور.** تورکیا بە لایەنی کەمەوە ٤ هێرشی ئاسمانی بۆ ناو کەمپی مەخمور ئەنجامداوە، کە پەنابەرانی کوردی تورکیای لە خۆ گرتووە و بە دووری ١٦٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری سنوری تورکیا. **لەو هێرشانەی تورکیادا، ١٠ هاوڵاتی کوژراون و ١٠ی تریش برینداربوون.** بەڵام بە هۆی ئامادەیی گەریلاکانی پەکەکە لەناو کەمپەکەدا، کە پاسەوانیان لە ١١،٠٠٠ پەنابەری کەمپەکە دەکرد لە مەترسییەکانی چەکداری داعش و گروپە چەکدارییەکانی تر، نەتواندراوە ڕاستینەی ناسنامەی ٧ لە کوژراوەکان و ٥ لە بریندارەکان پەسەند بکرێت کە ئایا پەنابەری مەدەنی ناو کەمپەکە بوون یاخود گەریلای پەکەکە بوون.

**زیاتر لە ٣٨ قوربانی تر لە هێرشی جۆراوجۆردا.** لە ٨ هێرشی تری تورکیادا، **١٧ هاوڵاتی مەدەنی (لە ناویاندا منداڵێک) کوژراون و ٢١ هاوڵاتی تری مەدەنی (لە ناویدا منداڵێک) برینداربوون.** بۆنموونە، لە خۆپێشاندانێکی هاوڵاتیانی مەدەنیدا لە دژی بارەگایەکی سەربازی تورکیا، کوڕێکی ١٤ ساڵان بە تەقەی سەربازانی تورکیا کوژرا و ١٠ بۆ ١٥ خۆپێشاندەری تر برینداربوون. کچێکی ١١ ساڵان بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان لە کێڵگەکەیاندا برینداربوو. ٤ هاوڕێ کە دووانیان یاریزانی پیشەگەربوون و لە سەیرانێکدا بەر تۆپی تورکیا کەوتن و برینداربوون. لە ئەنجامی بە ئامانجگرتنی شوێنی دانوستانی هێزەکانی پاسەوانی سنوری عێراق و گەریلاکانی پەکەکەدا لەلایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیاوە دوو فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوری عێراق و شۆفێرەکەیان کوژران و بەلایەنی کەمەوە فەرماندەیەکی تری پاسەوانی سنوری عێراق بریندار بووە. لە ڕووداوێکی تردا، ١٢




بارمتەی بە ڕەگەز تورک و ١ بارمتەی بەڕەگەز کورد کە لەلایەن پەکەکەوە بە بارمتە گیرابوون کوژران. ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی هێرشی ئاسمانی تورکیا کوژرابن یاخود وەک ئەوەی تورکیا ئاماژەی بۆ دەکات لەلایەن پەکەکەوە کوژرابن.

**شوێنی قوربانیانی مەدەنی.** پەیوەند بە جیاوازی شوێنی بۆردوومانەکانی تورکیا، پارێزگای دهۆک، کە زۆرترین ناوچەی سنوری تورکیا و عێراق دەکەوێتە ئەو پارێزگایە، زۆرترین ژمارەی شەهیدەکانی بۆردوومانەکان کە (٥١ بۆ ٦٧) شەهیدە و زۆرترین ژمارەی بریندارەکانی بۆردوومانەکان کە (٦١ بۆ ٧٣) بریندارە دەکەوێتە ئەو پارێزگایە. لە پارێزگای هەولێریش کە بەشەکەی تری سنوری نێوان تورکیا و عێراق لە خۆ دەگرێت، (٢٩ بۆ ٣٧) هاوڵاتی مەدەنی بەهۆی بۆردوومانەکانەوە شەهیدبوون و (٣٥ بۆ ٤٣) هاوڵاتی تری مەدەنی بریندارببوون. لە پارێزگا نەینەوا، ١٢ هاوڵاتی مەدەنی شەهیدبوون و (١٩ بۆ ٢٢) هاوڵاتی تری مەدەنیش بریندارببوون. دواین پارێزگاش، پارێزگای سلێمانیە کە بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیاوە (٦ بۆ ٧) هاوڵاتی مەدەنی تیایدا شەهید بوون و (٢٢ بۆ ٢٣) هاوڵاتی تری مەدەنیش تیایدا بریندارببوون.

**دیمۆگرافیای قوربانیانی مەدەنی.** لەکۆی ژمارەی شەهیدانی بۆردوومانەکاندا، پێناسی ٨٠ شەهید، وەک نێری پێگەیشتوو ١٣، شەهید وەک مێی پێگەیشتوو، ٦ شەهید وەک منداڵی نێر دیاریکراوە. وە لە کۆی ژمارەی بریندارانی بۆردوومانەکاندا، پێناسی ٤١ بریندار وەک نێری پێگەیشتوو، ١٦ بریندار وەک مێی پێگەیشتوو، ١٤ بریندار وەک منداڵی نێر و مێ و ڕەگەز نەزانراو دیاریکراوە. بەهۆی کەموکوڕی لە دۆکیۆمێنتکردن و شوێنبزرکردنی ئەو داتا و زانیاریانەی کە حکومەتەکان و هێزە سەربازییەکان پێویستە دابینی بکەن، بەداخەوە تا ئێستا پێناسی شەهید و بریندارەکانی تر وەدەست نەهاتوون کە بتوانرێت لەم لێکۆڵینەوەیەدا بخرێنە ڕوو.

لەبەر قورسی و پێویستی تەرخانکردنی کاتێکی زۆر، شتێکی باو نیە کە تۆماری قوربانیانی جەنگ، بتوانێت پێناسی

ڕێژەیەکی بەرزی قوربانیانی جەنگ کە لەم ڕاپۆرتەدا زیاتر لە (٨٥٪)ە ئاشکرا بکات. دیاریکردنی ناوی قوربانیان، تەمەن، ڕەگەز، بارودۆخی خێزانی و پیشە، بە تەنیا یارمەتیدەر نیە بۆ تیشکخستنەسەر باری مرۆیی قوربانیان، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ پشتبەستن بە وردی و دیاریکراوی داتاکان، هەروەک ئەو داتایانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کۆکراونەتەوە. هەر هەوڵێکی لەم چەشنە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێناسی قوربانیان، پێویستە هەموو لایەنەکان هاوبەشی تێدابکەن، تەنانەت بە بەرپرسانی حکومیشەوە.

**زەرەر و زیانی تری بۆردوومانەکان لەسەر خەڵکی مەدەنی**

ئەم ڕاپۆرتە تیشک دەخاتە سەر ئەو هێرشانەی کەبوونەتە هۆی گیان لەدەستدان و برینداربوونی هاوڵاتیانی مەدەنی. بەڵام ژمارەی ئەو هێرشانەی سوپای سەربازی تورکیا کە بوونەتە هۆی سوتانی زەوی کشتوکاڵی، کوشتنی ئاژەڵان، وێرانبوون و زیانگەیاندن بە خانووی هاوڵاتیانی مەدەنی و شوێنە گشتییەکان و ڕێگە خۆشکردن بۆ چۆڵکردنی گوندەکان، وێرانبوونی ژینگە و بڵاوبوونەوەی زەبری دەروونی (تراوما) لە نێو هاوڵاتیانی مەدەنیدا چەندان جار زیاترە لە ژمارەی ئەو هێرشانەی کەبوونەتە هۆی زیانی گیانی.

# میتۆدۆلۆجی

ئەو داتا بەدەستهێنراوانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو، زۆرینەیان بەر ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەن کە ئەندامانی تیمەکانی بنیادنەری ئاشتی کۆمەڵگە CPT، لەگەڵ ڕزگاربووانی هێرشەکان، خانەوادە و خەڵکانی زەرەرمەند و بەرپرسانی خۆجێی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠٢١ ئەنجامیداون و داتاکان ساخکراونەتەوە و سەربار کراون لەڕێگەی ڕاپۆرتە شیکاری میدیا گشتی و بەردەستەکان، ڕێکخراو و دامەزراوەکان.

داتا جیاوازەکان لە چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتی ترەوە هەڵێنجراون و لە دوو خشتەی پەیوەست بەیەکەوە ڕێکخراون (بنواڕە پاشکۆی ١ و پاشکۆی٢).

**تێگەیشتن لە داتاکان**

لەوەیە ژمارەی ئەو (٨٨) هێرشەی کە زیانی گیانی لێکەوتۆتەوە، بەراورد بە فراوانی هێرشەکان لە فۆڕمی هێرشی ئاسمانی، تۆپباران، چەکی سوک و قورس کە لەلایەن سوپای تورکیا لە نێوان ١ی ئابی ٢٠١٥ەوە بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ لە کوردستانی عێراقدا ئەنجامدراون وەک ژمارەیەکی کەم بێتە بەرچاو. بەڵام چەندین لایەنی جیاواز هەیە کە دەبێت لە بەرچاو بگیرێن:

» جگە لە چەند ڕووداوێکی گرنگ نەبێت کە لەم ڕاپۆرتەشدا باسیان لێوەکراوە، کاریگەرییەکانی جەنگی نێوان پەکەکە - سوپای تورکیا بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی و چیرۆکی قوربانیان و کاری ئەو ڕێکخراوانەی کە کاریگەرییەکانی سەر هاوڵاتیانی مەدەنی بە بەڵگەنامە دەکەن، بەتەواوی فەرامۆشکراون و نەبوونەتە جێگەی باس و خواس. زۆرینەی هێرشەکانی تورکیا لە شاخ و چیا دوورەکاندا ئەنجامدراون. بەداخەوە، نە حکومەتی عێراقی فیدراڵ و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ناوەندێکی کاریگەرییان پێشنەخستووە بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی کە لەڕێگەیەوە بتوانن زانیاری لەسەر ئەو توندوتیژی و زیانانە بدەن کە ڕۆژانە ئەزموونی دەکەن و وە هەردوو حکومەتەکە ڕێگەیان نەداوە کە ناوەندی تایبەتمەندی نێودەوڵەتیش ئەو کارە بکات. سەرباری ئەوەش، هیچ پشتیوانیەکی سیستەماتیک بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی بەردەست نیە کە بتوانن داوای یارمەتی لێ بکەن یاخود زانیاری لەسەر ئەو زیانانە بدەن کە بەریان کەوتووە. بە پشت بەستن بەو چاوپێکەوتن و دیدارانەی کە لەگەڵ هاوڵاتیانی زەرەرمەند، نوێنەرانی حکومەتی خۆجێی، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق ئەنجامیداوە، تیمەکانی بنیادنەری ئاشتی کۆمەڵگە CPT گەواهیدەری ئەوەیە کە چۆن هاوڵاتیانی زەرەرمەند، لەلایەن حکومەت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە تەنیا جێهێڵدراون و پشتگوێخراون. چەندین هاوڵاتی باسیان لە کەمی داتا و نەبوونی ناوەندێکی پێویست بۆ پێدانی زانیاری لەسەر زەرەر و زیانەکان کردووە. بەشێکی زۆریان باسیان لە پێویستی هەبوونی هەماهەنگی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی کردووە.

لەم چەند ساڵانەی دواییدا، ڕۆژنامەوانان و میدیای کوردی و عەرەبی بەشێوەیەکی بەرچاوتر هەوڵیانداوە ڕاپۆرت لەسەر زەرەر و زیانی هێرشەکان بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی ئەنجامبدەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە سەرچاوەی هەواڵی

زۆرینەی ئەو هێرشانە یەکەمینجار بۆ میدیاکان دەگەڕێتەوە. لەپاڵ میدیاکاندا، بەشێک لە بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقایمەکان کە پردی پەیوەندی نێوان خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستانن لەو ناوچانەی کە بۆردوومان تیایاندا ڕوودەدات، زانیاری و داتا لەسەر هێرشەکان کۆدەکەنەوە و دواتریش ئەو زانیاری و داتایانە لەگەڵ میدیا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا هاوبەشی پێدەکەن. بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا، چەند بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقامێک هەن کە سەرباری ئەوەی داوای پێدانی زانیاریان لێدەکرێت لەسەر هێرشەکان، بەڵام ئەوان بێدەنگیان هەڵبژاردووە و هیچ زانیارییەک نادەن. سەرباری هەموو ئەوانە، گرنگە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە بەهۆی ترسی تۆڵەکردنەوە و کاردانەوەی بەرپرسانی حکومی، هەموو هێرشەکان زانیاریان لەبارەوە نەدراوە. بۆنموونە، تیمەکانی بنیادنەری ئاشتی کۆمەڵگە CPT لەگەڵ چەند هاوڵاتیەکی مەدەنیدا قسەی کرد، کە بە ئاشکرا لەلایەن بەرپرسانی خۆجێییەوە ئاگادارکرابوونەوە بۆئەوەی قسە لەسەر ئەو زەرەر و زیانانە نەکەن کە لە ئەنجامی هێرشەکانی سوپای سەربازی تورکیاوە بەریانکەوتبوو.

ئامادەکارانی ئەم ڕاپۆرتە بەهیوان کە ئەم لێکۆڵینەوەیە ببێتە

ئامرازێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زیاتر بۆسەر ئەو زەرەر و زیانە فراوانانەی کە هاوڵاتیانی مەدەنی لە ئەنجامی بەردەوامی ئەو جەنگەدا دوچاری دەبنەوە.

» ئەو ٨٨ هێرشەی کە تۆمارکراوە، تەنیا ژمارەی ئەو هێرشانەیە کە تیایاندا زیانی گیانی کەوتۆتەوە. ئەگینا ژمارەی ئەو هێرشانەی سوپای تورکیا کە بوونەتە هۆی زیانگەیاندن بە خانوو وماڵی هاوڵاتیان، کێڵگەی کشتوکاڵی، ئاژەڵ، شوێنە گشتییەکان، زیانگەیاندن بە ژێر خانی ئابووری، لەدەستدانی بژێوی ژیان، ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی، بڵاوبوونەوەی زەبری دەروونی «تراوما»، چەندان جار زیاترە لە ژمارەی ئەو هێرشانەی کە زیانی گیانی لێکەتۆتەوە.

**داتاکان (خشتەی ڕووداوەکان)** لە یەک ڕیزی ئاسۆیی بۆ هەر ڕووداوێکی تۆمارکراو پێکدێت. ڕیزە ستونییەکان، جۆری هێرشەکان، بەروار و کاتی هێرشەکان، شوێنی هێرشەکان، زۆرترین و کەمترین ژمارەی کوژرا و بریندارەکان، جۆری چەکی بەکارهێندراو و سەرچاوەی زانیاری وەرگیراو لەسەر هێرشەکە نیشاندەدات.

کەمترین ڕێژەی کوژراو و بریندار بە «سفر» تۆمارکراوە کاتێک دڵنیایی نەبووە لە، (ئەلیف) قوربانییەکە چەکداربووە یاخود هاوڵاتی مەدەنی، (با) دوو جار هەژمارکردنی هەمان قوربانی لە دوو هێرشی جیاوازی تۆمارکراودا، (جیم) ئایا سوپای سەربازی تورکیا هێرشەکەی ئەنجامداوە یاخود نا.
کاتێک دوو سەرچاوەی زانیاری دڵنیانین و ناکۆکییان هەیە لەسەر ژمارەی کوژراو و بریندارەکان، ئەوا لەم خشتەیەدا کەمترین ژمارەی قوربانی لە ڕیزی ستونی کەمترینداا ئاماژەی پێکراوە و زۆرترین ژمارەی قوربانیش لە ڕیزی ستونی زۆرتریندا ئاماژەی پێکراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەموو هەوڵێک دراوە کە تاوەکو بتواندرێت ڕاستینەی ڕێژەی زیانە گیانییەکان وەدەستبهێندرێن: بەکارهێنانی ڕیزی ستونی کەمترین/زۆرترین مانای وردی و ڕێکی دەدات بۆ نیشاندانی ئەو نادڵنیاییەی کە لە داتاکاندا هەیە.

هەوڵدراوە چەکی بەکارهێندراو لە هێرشەکاندا وەک ئەوە دیاریبکرێت کە شایەتحاڵان لە شوێنی ڕووداوەکاندا ئاماژەیان پێکردووە و ناسیویانەتەوە. لێرەدا چەکی بەکارهێندراو لە هێرشەکاندا بەم شێوەیە پۆلێن کراوە (هێرشی ئاسمانی، تۆپباران، هیتر).

بەزۆری سەرچاوەی زانیاری و داتاکان، پەڕاوی ئەو چاوپێکەتنانەن کە تیمەکانی بنیادنەری ئاشتی کۆمەڵگە CPT ئەنجامیداون و سەرچاوەی تری وەک چالاکوانانی ناوخۆیی و میدیا بیانی و ناوخۆییەکانیش وەک سەرچاوە بەکارهاتوون.

**داتاکان (خشتەی قوربانیان)** ئەم خشتەیە ناوی کوژراوان «ئەگەر زانراوبێت» نیشاندەدات و زانیاری تری دیمۆگرافی و دیاریکراوی بەردەست سەبارەت بە ١٧٠ قوربانی مەدەنی ناچەکدار دەخاتەڕوو. ناوی بریندارانی مەدەنی «ئەگەر زانراویش بێت» لەبەر تایبەتمەندیەتی کەسی نەخراوەتە ڕوو. لەم خشتەیەدا، تەمەنی منداڵان لەنێوان (٤ بۆ ١٧) ساڵ خەمڵێندراوە. تەمەنی کۆرپە و مناڵی ساوا لەنێوان (٠ بۆ ٣) ساڵ دیاریکراوە.

ئەو داتایەی کە خراوەتەڕوو، ڕەگەزی قوربانیەکان بەو پێوەرە نیشاندەدات کە لەکاتی لە دایکبوونی قوربانییەکاندا دیاریکراوە. ١٣ لە کوژراوەکان، مێی پێگەیشتوون. ٨٠ کوژراو نێری پێگەیشتوون. لە بریندارەکان، ١٦یان مێی پێگەیشتوون و ٤١ی تریشیان نێری پێگەیشتوون.

لە پاڵ ئەوەشدا، بەلایەنی کەمەوە ٦ منداڵی بەڕەگەز نێر کوژراون. ١٤ منداڵی تریش بریندداربوون، کە ٦یان بەڕەگەز مێن و لە ناویاندا یەکێکیان منداڵی ساوایە، هەروەها ٦ی تریان منداڵی بەڕەگەز نێرن. تا ئێستا نەتوانراوە ڕەگەزی دوو لە منداڵە بریندارەکان دیاریبکرێت.

# شیکردنەوەی ناوەڕۆک

بە لێنۆڕین لە داتاکان، لێکۆڵەران تێبینی چەند خاڵێکی گرینگیان کرد، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە.

**بۆردوومانکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی**

بەگوێرەی ئەو داتایانەی کە کۆکراونەتەوە، سوپای تورکیا لە ٣٧ هێرشەدا، هاوڵاتیانی مەدەنی ناو گوند و شارۆچکەکانی شەهید و بریندار کردووە. زیانە گیانییەکان: ٣٩ هاوڵاتی مەدەنی (لەناویاندا ٤ منداڵ) گیانیان لەدەستداوە و ٧٢ هاوڵاتی تری مەدەنی (لەناویاندا ١٠ منداڵ) برینداربوون. لەناو کوژراو و بریندارەکاندا، کارمەندی تەندروستی، کاسپ، دوکاندار، خوێندکار، فەرمانبەری شارەوانی، کارمەندی هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەنی کە چەکدارانی داعش چاندبوویانن، هەن.

تەنیا برینداربوونی کوڕێک نەبێت کە لە ئەنجامی تەقەکردن بە چەکی سوک، بەئاراستەی گوندەکەیاندا برینداربووە، سەرجەمی زیانە گیانییەکانی تر لە ئەنجامی ٢٨ هێرشی ئاسمانی و ٨ هێرشی تۆپباران کەوتۆتەوە.

بە لایەنی کەمەوە لە ٥ هێرشدا کە توانرابێت زانیارییەکانیان تۆماربکرێن، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا کاتێک ئەو ئۆتۆمبێلانەیان بە ئامانجگرتووە کە گەریلای پەکەکە یاخود ئەندامی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە پەکەکەیان لە گوند و شارەکاندا گواستۆتەوە، تەقینەوە و پارچەی پەڕیوی بۆمبەکان بوونەتە هۆی گیان لەدەستدان و برینداربوونی هاوڵاتیانی مەدەنی بە منداڵانیشەوە، کە هیچ بەشدارییەکیان لەو ناکۆکی و ململانێیانەدا نەبووە.

بۆ نموونە، لە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٠دا، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا بۆردوومانی ئۆتۆمبێلێکی کرد کە لە بەردەم دوکانێکی میوەفرۆشیدا ڕاگیرابوو لە سەیرانگای کونە ماسی. کونە ماسی گوندێکە کە بەدووری تەنیا ٣٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە دەرەوەی شاری سلێمانی و گەشتیاران بۆ سەیرانکردن ڕووی تێدەکەن و بە دووری نزیکەی ١٦٥ کیلۆمەتریش دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی سنوری دەوڵەتی تورکیاوە. ئەو بۆردوومانە بووە هۆی بەسەختی برینداربوونی خاوەنی دوکانەکە پەیمان تاڵیب و هاوسەرەکەی، کەیوان کاوە و دوو منداڵەکانیان، هێژوان و هەمیشە.



پەیمان تاڵیب لەسەر جێگاکەی پاڵکەوتووە. کەیوانی هاوسەری و هەمیشەی کچی و هێژوانی کوڕیشی پاشماوەی پارچە بۆمبەکانیان بەدەستەوە گرتووە.

لە ئەنجامی ئەو ئەو هێرشەدا، پەیمان قاچێکی لەدەستدا و دەستەکانیشی بەرێژەیەکی زۆر سوتان. هەروەها هاوسەر و منداڵەکانیشی چەندین پارچەی بۆمب بەر ناوچە جیاوازەکانی لەشیان کەوت.  زیاتر لەوەش، لەکاتی ڕوودانی بۆردوومانەکە چەندین خێزانی تر لەگەڵ منداڵەکانیاندا لەدەوروبەری دوکانی میوەفرۆشییەکە بوون. بۆردوومانەکە بووە هۆی ئەوەی کە لەمەودوا پەیمان وەکو کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت ژیان بەسەرببات. پەیمان و کەیوان  بە هاوکاری خزم و کەسوکارەکانیان، توانیان دووبارە دوکانەکەیان دروستبکەنەوە و دەستبکەنەوە بە فرۆشتنی میوە و خواردەمەنی و کەلوپەلی سەیرانکردن. لە ئێستادا هەمیشە و هێژوان بۆ ڕزگاربوون لەو زەبرە دەروونی (ترواما)یەی کە لە ئەنجامی بۆردوومانەکە توشی هاتوون، چارەسەری دەروونی وەردەگرن. هەندێک لە پارچە بۆمبەکانی ناو جەستەی کەیوان و منداڵەکان دەرهێندراون، بەڵام تا ئێستاش هەندێک لە پارچەکان لە جەستەی ئەواندا ماونەتەوە.

سەرنشینانی ئۆتۆمبێلە بە ئامانجگیراوەکە، چەکدارانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پژاک بوون، کە گروپێکی گەریلاییە و نزیکن لە پەکەکەوە. بەگوێرەی ڕاگەیاندراوی پژاک، یەکێک لە چەکدارەکانیان لەو ڕووداوەدا کوژراوە و سیانی تریشیان برینداربوون. ئەندامەکانی پژاک جلوبەرگی مەدەنیان لەبەردابووە و لەکاتێکدا بۆ کڕینی پێداویستی و خواردەمەنی لەبەردەم دوکانەکە وەستابوون، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیا ئۆتۆمبێلەکەی پژاک و دوکانی میوەفرۆشییەکەشی بە ئامانج گرت.

 بەگوێرەی زانیارییەکان، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە بۆماوەیەکی زۆر بەدوای ئۆتۆمبێلەکەی گەریلاکانی پژاکەوە بووە. یەکێک لە نیگەرانییە گەورەکان ئەوەیە، کە سوپای تورکیا لە کاتێکدا بۆردوومانی ئۆتۆمبێلەکەی پژاکی کردووە کە لەناو گوند و نزیک لە خێزان و گەشتیار ناوچەکە بووە و چاوەڕێیان نەکردووە تاوەکو ئۆتۆمبێلەکە لە گوندەکە دەردەچێت. بۆ خوێندنەوەی زیاتر دەربارەی چیرۆکی خاتوو پەیمان و خانەوادەکەی گرتە لەسەر ئەم پەستەرە بکە.

لە ١٦ی ئابی ٢٠٢١دا، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا بۆردوومانی ئۆتۆمبێلێکی کرد لەناو قەزای شەنگالدا. لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا فەرماندەیەک و چوار چەکداری یەکینەکانی پاراستنی شەنگال یەپەشە هەبوون. یەپەشە، ڕێکخراوێکی چەکداری نزیکە لە پەکەکە و لێکتێگەیەشتنی سەربازی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی عێراقدا هەیە لە قەزای شەنگال. فەرماندەکەی یەپەشە لە ڕێگادا بوو بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش ئامادەی ئەو مەراسیمە بوو. پارچەی بۆمبی پەڕیوی بۆردوومانەکە بووە هۆی برینداربوونی سێ کەس بە ناوەکانی: ماهیر میرزا عەلی، میدیا قاسم سمۆ و شامیل عەباس برجیس کە سەرقاڵی پاککردنەوەی خانوو و کۆڵانەکانی ئەو دەوروبەرە بوون لە مینی چیندراوی سەردەمی دەسەڵاتی چەکدارانی داعش لە قەزای شەنگال. لە ڕۆژی دواتردا، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا بۆردوومانی بنکەیەکی تەندروستی کرد لە گوندی سکن لە قەزای شەنگال، کە ئەو چەکدارە برینداراەنەی یەپەشەی تێدابوون کە لە هێرشەکەی ڕۆژێک پێشتردا بە ئامانجگیرابوون. لەو هێرشەدا، چوار کارمەندی تەندروستی بەناوەکانی: عەلی ڕەشۆ خدر، سەعدۆ ئەلیاس ڕەشۆ، حەجی خدر و موخلیسە سیدار لەگەڵ چوار پاسەوانی بنکە تەندروستیەکە کوژران و کارمەندێکی تری تەندروستی بەناوی عەبدی سلێمان لەو هێرشەدا برینداربوو. لەدوای بۆردوومانەکە، کاتێک خەڵکی بۆ فریاکەوتنی کوژراو و بریندارەکان بەرەو بنکە تەندروستییەکە دەچوون، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکی دوو جاری تر بنکە تەندروستییەکەی بۆردوومانکردەوە و ٨ هاوڵاتی تر کە یان چارەسەرخواز بوون لە بنکە تەندروستییەکە یاخود بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بە بەرکەوتووانی بۆردوومانەکە هاتبوون بۆ بنکە تەندروستییەکە برینداربوون.

لەپاڵ کوشتن و بریندارکردنی هاوڵاتیانی مەدەنیدا، بۆردوومانکردنی ناو گوند و شارۆچکەکان بۆتە هۆی وێرانکردن و زیانگەیاندن بە خانوو وماڵی هاوڵاتیان، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە، دوکان، شوێنە گەشتیارییەکان، پڕۆژەی دابەشکردنی ئاوی ماڵان، وێستگەی کارەبا و شوێنە پیرۆزەکانی پەرستش و تەقواکردن.

**بەئامانجگرتنی جوتیاران و ئاژەڵداران**

جار، سوپای تورکیا هاوڵاتیانی مەدەنی لە کێڵگەکانیاندا لە کاتی کشتوکاڵکردن، هەنگەوانی، ئاژەڵداری و ڕاوەماسیدا بە ئامانجگرتووە. لەو هێرشانەدا، ٣٥ هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە و ٢١ هاوڵاتی تریش برینداربوون. ١٥ هێرشیان، هێرشی ئاسمانی بووە و ٩ هێرش لەلایەن تۆپخانەکانەوە ئەنجامدراوە و یەک هێرشیان بە بەکارهێنانی چەکی تر بووە.

لە ٩ی ئابی ٢٠٢٠دا، جوتیارێک کە پیشەی مامۆستایەتی بوو لە قوتابخانەی گوندەکەیدا، بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی کە بەهۆی بۆردوومانەوە لە کێڵگەکەیدا کەوتبۆوە، چووە ناو ڕەز و باخەکەی. لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگرەکەدا، لەلایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بە ئامانجدەگیرێت و دەکوژرێت.

لە ٢٣ی نیسانی ٢٠٢١دا، سوپای سەربازی تورکیا بارەگایەکی سەربازی لەسەر یەکێک لەو چیایانە دروستکرد کە دەڕوانێتە سەر گوندی هروریٚ لە ناحیەی کانی ماسێ. لە ٢٨ی ئایاری ٢٠٢١، گروپێک لە سەربازانی تورک بە یاوەری وەرگێڕێک لە بارەگا سەربازییەکە دێنە خوارەوە و بەرەو سێ جوتیاری گوندەکە دەچن کە سەرقاڵی ئاودانی کێڵگەکەیانن. سەربازەکان بە جوتیارەکانیان گوتبوو کە لەمەودوا قەدەغەیە بێنە ناو کێڵگەکانیانەوە. وە ئەگەر جارێکی تر بێنەوە ناو کێڵگەکانیان، ئەوا بە هەمان شێوەی «تیرۆرستەکان» بە ئامانجیان دەگرن. سێ ڕۆژ لەدوای ئەم ڕووداوە، جوتیارێکی ٧٠ ساڵ، بە ناوی ڕەمەزان عەلی کە سەرقاڵی ئاودانی کێڵگەکەی بوو، لەلایەن تۆپخانەکانی بارەگا سەربازییەکەوە بە ئامانجگیرا و برینداربوو.

یەکێکی تر لە بریندارە شوانکارەکان، کوڕێکی ١٦ ساڵی ئێزیدی بوو. ئەو کوڕە و برایەکەی، سەرقاڵی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان بوون، کاتێک تۆپخانەکانی تورکیا تۆپبارانیان کردن و لە ٨ی ئابی ٢٠٢١دا هەردووکیان بریندارکردن. هاوشێوەی ئەمە، چیرۆکی شوانێکی تری هەرزەکار و خێزانەکەی لەلایەن CPT وە تۆمارکراوە.

لەساڵی ٢٠٢١دا، بەهۆی بە ئامانجگرتنی گوندنشینان و کێڵگەکانیان لەلایەن فڕۆکە و تۆپخانەکانی تورکیاوە، ٢٣ گوند لە دانیشتووانەکانیان چۆڵکراون. لە گوندی هروریٚ تەنیا ١٨ خێزان ماونەتەوە و بەدرێژایی ساڵی ٢٠٢١، خانوو، قوتابخانە، پرۆژەی ئاو، پورەی هەنگی گوندنشینان چەندان جار بۆردوومانکراون. سەرباری هەموو ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە، جوتیارانی ئەو ناوچەیە بەپێی توانا بەردەوامن لە چوونیان بۆسەر کێڵگەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی چەند بەرەوبومێکی کشتوکاڵی.

کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانی هەزاران خێزانە لەو ناوچانەی کە بۆردوومانەکان تیایاندا ڕوودەدەن. ئەو جوتیارانەی کە ناتوانن داهاتی پێویست بەدەستبهێنن بۆ خێزانەکانیان، دەبن بە پێشمەرگە. پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، زۆرینەیان ١٠ ڕۆژ دەوامی فەرمی دەکەن و تەواوی ڕۆژەکانی تریان بە جوتیاریکردن بەسەردەبەن. لەبەر ئەوە لە نیشاندانی زانیارییە کەسییەکانی بەشێک لە کوژراو و بریندارەکاندا «پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە»دا بەدی دەکرێ.

**بە ئامانجگرتنی گوندنشینان لەکاتی کۆکردنەوەی گژوگیای خۆڕسک لە چیاکان**

لە چوار هێرشدا (دوو هێرشی ئاسمانی و دوو تۆپبارداندا)، ٤ هاوڵاتی مەدەنی لەکاتی کۆکردنەوەی ڕووەکی خۆڕسک و گیای بەهارەدا کوژراون و ٥ هاوڵاتی تری مەدەنیش برینداربوون. زۆرینەی خێزانەکان سەرچاوەی خۆراک و بژێوی ژیانیان لەسەر کۆکردنەوەی گیای بەهارە و ڕووەکی خۆڕسکی شاخەکانە لە مانگەکانی کۆتایی بەهار و سەرەتای هاویندا. لەیەکێک لە ڕووداوەکاندا و لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠١٨دا، سوپای تورکیا لە بارەگا سەربازییە نوێیەکانی خۆیانەوە، کۆمەڵێک کچ و ژنیان لەکاتی گژوگیا کۆکردنەوەدا، دایە بەر هاوەن. یەکێک لە هاوەنەکان ڕاستەوخۆ بەر کچێکی خوێندکاری ١٩ ساڵان بەناوی دونیا ڕەشید کەوت و شەهیدی کرد. سەربازەکانی تورکیا، لە بارەگاکەیانەوە هاتنە خوارەوە و لەدوای کۆکردنەوەی پاشماوە و پارچەی هاوەنەکە، بە گوندنشینانیان گووت کە بێدەنگ بن و باسی ئەم ڕووداوە نەکەن.

جێی سەرنجە، کە لە شەهادەی وەفاتنامەی دونیا ڕەشیددا، لەبری خستنەڕووی هۆکاری ڕاستەقینەی مەرگی ئەو کچە،

تەنیا ئاماژە بەوە کراوە کە بەهۆی تەقینەوەیەکی نەناسراوەوە گیانی سپاردووە. بۆ خانەوادەی دونیا، ئەوە بەمانای ئەوە دێت کەسەرباری کۆستی مەرگی کچەکەیان و ئەو بارە دەروونیەی کە پێیدا ڕۆیشتوون، ئەوان ناتوانن سودمەندبن لە هیچ جۆرە هاوکارییەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەبێت بۆ قوربانیانی جەنگ دابینبکرێت. ئەمە نمونەی چەندان کەیسی ترە کە شەهادەی وەفاتنامەی شەهیدانی دەستی بۆردوومانەکانی تورکیا بە دروستی نانوسرێت. نیگەرانی گەورە و جددی کەدەبێت ڕووبەڕوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، شێوازی مامەڵەکردن و کەمی هاوکاریکردنیانە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە سوپای تورکیا بە ئامانجیان دەگرێت.

**هێرشی ئاسمانی بۆسەر ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانی مەدەنی**

لە ١٠ هێرشدا، ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانی مەدەنی کە بەتەنیا خەڵکی مەدەنی تێدابووە لەلایەن سوپای تورکیاوە بە ئامانجگیراون. ٨ لەو هێرشانە لەلایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و جەنگییەوە ئەنجامدراون، ١ هێرش لەلایەن هێلیکۆپتەرەوە ئەنجامدراوە و ١ هێرشی تریش بەچەکی تر ئەنجامدراوە. ئەو بۆردوومانانە بوونەتە هۆی گیان لەدەستدانی ١٣ هاوڵاتی مەدەنی (لەناویاندا منداڵێک) و برینداربوونی ١٠ هاوڵاتی تری مەدەنی (لەناویاندا دوو منداڵ).

لە ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠١٩دا، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکی بەدوای دوو ئۆتۆمبێل کەوتبوو کە لەسەر ڕێگەیەکی شاخاوی



دونیا ڕەشیدی ١٩ ساڵان و ئەو زەمبیلەی کە بەدەستیەوە بووکاتێک هاوەنەکەی بەرکەوت.

قەزای پشدەر دەڕۆیشتن. یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکان، ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بوو کە خێزانێکی ٨ کەسی تێدابوو و لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا بوون لە گوندەکەیانەوە بۆ ماڵەکەیان لە شار. ئۆتۆمبێلەکەی تریش چەند گەریلایەکی برینداری پەکەکەیان تێدابوو کە نیو کاتژمێر پێشتر لە بۆردوومانێکدا پێکرابوون. بە ئاگاداربوونیان لەوەی کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئاسمانەوە بەدوایان کەوتووە و دەنگی دێت، وە ئۆتۆمبێلێکی گەریلاکانی پەکەکەش بۆماوەی ٤٥ خولەکە لەدوایانەوە دەڕوات، ئەو خێزانەی کە لە ئۆتۆمبێلە مەدەنییەکەدا بوون هەستیان بە ترس و نادڵنیایی دەکرد. لەوکاتەی کە ئۆتۆمبێلەکەی گەریلاکانی

پەکەکە، دەرفەتی تێپەڕینی ئۆتۆمبێلی ئەو خێزانەی بۆ ڕەخسا و گەیشتە تەنیشتی، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە بۆردوومانی هەردوو ئۆتۆمبێلەکەی کرد. بۆردوومانەکە بووە هۆی شەهیدبوونی عەبدوڵڵا ئاڵی مینە و کچە تەمەن ٣٠ساڵانەکەی کوردستان و کوڕە ١٧ ساڵانەکەی هەریاد، هەروەها برینداربوونی ٥ ئەندامی تری خێزانەکە کە لەناویاندا ٢ منداڵ هەبوون.

لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٠دا، هەر سێ هاوڕێ ئازاد مەهدی، موخڵیس ئادەم و دێمان عومەر لەدوای گەڕانەوەیان لە کار بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و سەیرانکردن ڕوودەکەنە گوندی سیدان لە ناحیەی شیلادزێ. کاتێک دەگەنە بازگەی گەریلاکانی پەکەکە لە گوندی سیدان، گەریلاکان بۆ پشکنین و پرسیارکردن دەیان وەستێنن. لەوکاتەدا فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا، هەرسێ هاوڕێکە و دوو گەریلای بازگەکەش بۆردوومانەدەکات و هەموویان گیان لەدەستدەدەن.

لە ڕووداوێکی تردا کە لە ١٩ی ئازاری ٢٠٢١دا ڕوویدا، هێلیکۆپتەرێکی سەربازی تورکیا بۆماوەی نزیکەی یەک کاتژمێر بەدوای ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر کەوتبوو کە دوو شوان و چەند سەر مەڕێک لە ئۆتۆمبێلەکەدا بوون. دواجار لە هەلیکۆپتەرەکەوە تەقە لە ئۆتۆمبێلەکە کرا و سەرباری برینداربوونی دوو شوانەکە، تەواوی مەڕەکانیش کوژران.

**بۆردوومانی سوپای تورکیا بۆ سەر کوردانی تورکیا لە کەمپی ئاوەرەکانی مەخمور**

سوپای سەربازی تورکیا ژمارەیەک هێرشی ئاسمانی بۆسەر کەمپی مەخمور ئەنجامداوە کە زۆرینەی هێرشەکان بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بووە. کەمپی بەنابەرانی



لە ٢٦ی تەموزی ٢٠٢٠دا، دلۆڤان شاهین کە دوکاندار بوو، وە هاوڕێکەی عەبدوڵڵا ئەحمەد کە پیشەی پێشمەرگە بوو، لە کاتێکدا کە لە لێواری شەقامەکەدا بۆ سڵاوکردن لە یەکتری وەستابوون، لەلایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بە ئامانجگیران و کوژران.

مەخمور، زیاتر لە ١١،٠٠٠ پەنابەری لەخۆگرتووە کە لە ساڵانی ١٩٩٠ەوە لەدەست زوڵم و ستەمی دەوڵەتی تورکیا دژ بە کورد ڕایانکردووە. لە چوار لەو هێرشانەدا، ١٠ کوژراو و ١٠ بریندار هەبوون. بەڵام بە هۆی ئامادەیی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو کەمپەکەدا، کە پاسەوانیان لە پەنابەرانی کەمپەکە دەکرد لە مەترسییەکانی چەکداری داعش و گروپە چەکدارییەکانی تر، نەتواندراوە ڕاستینەی ناسنامەی ٧ لە کوژراوەکان و ٥ لە بریندارەکان پەسەند بکرێت کە ئایا هاوڵاتی مەدەنی و پەنابەری بێچەکی ناو کەمپەکە بوون یاخود گەریلای پەکەکە بوون.

**ئەو هێرشانەی تر کەبوونەتە مایەی مەرگ و زیانی گیانی**

لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٧دا، بەهۆی هێرشێکی ئاسمانی سوپای تورکیا، چوار گەنج کە لە گەشت و سەیرانکردن بوون لە شاخەکانی دەوروبەری ناحیەی باتیفا کوژران.

زیاتر لەوە، لە ساڵی ٢٠١٧، کەسێک لە دەڤەری ئامێدی بەهۆی هێرشی ئاسمانی و سێ کەسی تر لە شاخی ئاسۆس بە تۆپباران بریندارەبن. بەڵام هیچ زانیارییەک دەربارەی ئەو قوربانیانە و کاتی برینداربوونیان بەردەست نیە.

لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩دا، کوڕێکی ١٤ ساڵ بەناوی حوسێن، بە گولەی سەربازانی تورکیا لەبارەگای سەربازی سیرێ لەکاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە دژی بنکە و بارەگاکانی تورکیا پێکرا و شەهیدکرا. هەر لە هەمان خۆپیشاندانددا، ١٠ بۆ ١٥ هاوڵاتی تر بە فیشەک بریندارکران.

لە ٧ی ئابی ٢٠٢٠دا، گوندنشینێکی تر لەکاتی چوونی بۆسەر بۆردوومانێکی تر کە پێشتر و هەمان ڕۆژ لە گوندەکەیاندا ڕوویدا بوو، پارچەیەک بۆمبی بۆردوومانێکی تری سەر گوندەکەیانی بەردەکەوێت و بریندارەبێت.

لە ١١ی ئابی ٢٠٢٠دا، وەفدێکی هێزەکانی پاسەوانی سنوری عێراق، بۆ دانوستانکردن لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە لە ڕێگادابوون بۆ کۆبوونەوە. فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکی، شوێنی دیدارەکەی بۆردوومانکرد و لەئەنجامدا دوو فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنور و شۆفێرەکەیان کوژران و کەسێکی تریش بریندارببوو. وەک لایەنێکی نا بەشدار لە شەڕ و ناکۆکییەکانی تورکیا و پەکەکەدا، زیانە گیانییەکانی ئەفسەرانی هێزەکانی پاسەوانی سنوری عێراق لەم ڕووداوەدا، لە خشتەی قوربانیانی مەدەنی و ڕاپۆرتەکەدا تۆمارکراوە.

لەنێوان ڕۆژانی ١٢ بۆ ١٤ی شوباتی ٢٠٢١دا، ١٣ بارمتەی تورکیا کە لەدەستی هێزەکانی پەکەکەدا بوون، لە هێرشێکی تورکیادا بۆسەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە لە چیای گارە کوژران. هەرچەندە سوپای تورکیا ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو بارمتانە لەلایەن پەکەکەوە ڕەمی کراون، بەڵام شێوازی کوشتن و پارچەبوونی جەستەی قوربانییەکان، دەرخەری ئەوەیە کە هۆکاری مەرگی ئەو بارمتانە، بۆردوومانێکی چڕی هێزەکانی تورکیایە بۆسەر ئەشکەوتەکە.

لە ٣٠ی نیسانی ٢٠٢١دا، کچێکی ١١ ساڵان بە ناوی لاڤین جاسم، بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکی لە باخەکەیاندا، بریندارببوو.

**شوێنی جوگرافی ئەو ناوچانەی کە هێرشەکان تیایاندا ڕوویانداوە و هاوڵاتیانی مەدەنی بوونەتە قوربانی**

| پارێزگا | هێرش | کوژراو (کەمترین) | کوژراو (زۆرترین) | بریندار (کەمترین) | بریندار (زۆرترین) |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| دهۆک | 49 | 51 | 67 | 61 | 73 |
| هەولێر | 23 | 29 | 37 | 35 | 43 |
| سلێمانی | 9 | 6 | 7 | 22 | 23 |
| نەینەوا | 7 | 12 | 12 | 16 | 22 |
| کۆی گشتی | 88 | 98 | 123 | 134 | 161 |

پەیوەند بە جیاوازی شوێنی بۆردوومانەکانی تورکیا، پارێزگای دهۆک، کە زۆرترین ناوچەی سنوری تورکیا و عێراق دەکەوێتە ئەو پارێزگایە، زۆرترین ژمارەی شەهیدەکانی بۆردوومانەکان کە (٥١ بۆ ٦٧) شەهیدە و زۆرترین ژمارەی بریندارەکانی بۆردوومانەکان کە (٦١ بۆ ٧٣) بریندارە دەکەوێتە ئەو پارێزگایە. لە ٤٧ هێرش بۆسەر ئەو پارێزگایە، زەرەر و زیانی گیانی بەر هاوڵاتیانی مەدەنی کەتووە. هۆکارەکەشی بۆ ئامادەیی بەرفراوانی پەکەکە لە ناوچە سنورییەکانی ئەو پارێزگایە و چیای گارە کە بە دووری ٣٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری سنوری تورکیا دەگەڕێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە

فڕۆکە جەنگی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا، بەبەردەوامی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەکەکە بۆردوومان دەکەن. سەرباری ئەوە، زۆرینەی ئەو بارەگا سەربازییانەی کە تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستاندا دروستی کردوون، دەکەونە پارێزگای دهۆک. ئەمەش وایکردووە کە زۆرترین قوربانی تۆپبارانەکانیش هەر بکەوێتە پارێزگای دهۆکەوە.

پارێزگای هەولێر، کە بەشەکەی تری سنوری نێوان تورکیا و عێراق لە خۆ دەگرێت، لە ٢٣ هێرشدا، ٢٩ بۆ ٣٧ هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و ٣٥ بۆ ٤٣ هاوڵاتی تری مەدەنی بریندار بوون. هەولێر دووەمین پارێزگای هەرێمی کوردستانی عێراقە کە لە سیدەکانەوە سنوری هاوبەشی لەگەڵ تورکیا و ئێراندا هەیە. بەشێک لە بنکە و بارەگا گرنگەکانی پەکەکە دەکەونە پارێزگای هەولێرەوە. زۆرینەی قوربانیانی مەدەنی ئەو پارێزگایە بەهۆی هێرشی ئاسمانی، دواتر تۆپباران و تەقەکردن لە بارەگاکانی تورکیاوە پێکراون. هەروەها، کەمپی پەنابەرانی مەخموریش کە چەند جارێک لەلایەن تورکیاوە بە ئامانجگیراوە، بە دووری ١٦٥ کیلۆمەتر لە سنوری تورکیاوە دەکەوێتە باشوری پارێزگای هەولێر.

لە پارێزگای نەینەواش، لە کۆی ٧ هێرشدا، ١٢ هاوڵاتی مەدەنی شەهیدبوون و ١٦ بۆ ٢٢ هاوڵاتی تری مەدەنیش بریندار بوون. زۆرینەی هێرشەکان بۆسەر قەزای شەنگال ئەنجامدراون و تیایاندا، سوپای تورکیا بەزۆری چەکدارانی یەکینەکانی پاراستنی شەنگال یەپەشەی بە ئامانجگرتووە. لەساڵی ٢٠١٦دا، لە تۆپبارانی گوندی فازلیە لە ناحیەی باشیک ٨ هاوڵاتی مەدەنی شەهید بوون و ٦ هاوڵاتی تری مەدەنی بریندار بوون. تۆپبارانەکە لە بارەگای سەربازی تورکیا لە ناحیەی زیلکانەوە ئەنجامدرابوو.

لە پارێزگای سلێمانیش، لە کۆی ٩ هێرشدا، ٦ بۆ ٧ هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و ٢٢ بۆ ٢٣ هاوڵاتی تری مەدەنیش بریندار بوون. چیای قەندیل و زنجیرە چیای ئاسۆس دوو سەرەکیترین ئامانجی فڕۆکە جەنگی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیان لە پارێزگای سلێمانی کە هێزەکانی پەکەکە لەم دوو ناوچەیەدا بە قورسی ئامادەییان هەیە. کونە ماسی، ئەو سەیرانگایەی کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تیایدا ٤ ئەندامی خێزانێکی بریندارکرد، تەنیا ٣٥ کیلۆمەتر لە شاری سلێمانیەوە دوورە و بەدووری نزیکەی ١٦٠ کیلۆمەتریش دەکەوێتە باشوری سنوری تورکیاوە.

### جۆری ئەو چەکانەی کە لە هێرشەکاندا بەکارهێنراون

| چەکی بەکارهاتوو | هێرش | کوژراو (کەمترین) | کوژراو (زۆرترین) | بریندار (کەمترین) | بریندار (زۆرترین) |
|---|---|---|---|---|---|
| هێرشی ئاسمانی | 64 | 86 | 111 | 89 | 109 |
| تۆپباران | 19 | 9 | 9 | 33 | 35 |
| تەقەکردن | 5 | 3 | 3 | 12 | 17 |

هێرشە ئاسمانییەکان کە تیایاندا (فڕۆکەی جەنگی، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هێلیکۆپتەر) بەکارهاتوون، سەرچاوەی سەرەکی زیانگەیاندن بوون بە هاوڵاتیانی مەدەنی. لە ٦٤ هێرشی ئاسمانیدا، تاوەکو ١١١ هاوڵاتی مەدەنی بێ چەک کوژراون و ١٠٧ هاوڵاتی تری مەدەنی بریندار بوون. هێزی ئاسمانی تورکیا، لە هێرشە ئاسمانییەکانیدا بەزۆری فڕۆکەی F-4 و فڕۆکەی F-16ی بەکارهێناوە کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەرهەمدەهێندرێن.

هەڵکشانی ڕێژەی قوربانیانی مەدەنی بەهۆی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە لە ساڵی ٢٠١٩دا، هاوکاتە لەگەڵ پێشخستن و زیادکردنی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار لەلایەن تورکیاوە. بۆنموونە، بەم دواییانە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بایرەکتار TB2ی دروستکراوی دەوڵەتی تورکیا، وەک یەکێک لە ئامرازەکانی شەڕی ئۆکرانیا لە سەرتاسەری جیهاندا ناسێندرا. گرنگە ئاماژە بەوەبدرێت کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سوپای تورکیا بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بایرەکتار TB2 هاوڵاتیانی مەدەنی شەهید و بریندارکردووە. بەلایەنی کەمەوە، ١١ لەو هێرشانەی کە تۆمارکراون و بوونەتە هۆی زیانی گیانی بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی، هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بوون. لەو هێرشانەدا بەلایەنی کەمەوە ١٦ هاوڵاتی مەدەنی بێ چەک (لە ناویاندا منداڵیك) شەهیدبوون و ٢٢ هاوڵاتی تری مەدەنی (لەناویاندا شەش منداڵ) بریندار بوون. هاوشێوەی ئەمریکا، ئیتالیاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین هاوکاری سەربازی بۆ تورکیا هەناردە دەکات. بە تایبەت هێلیکۆپتەری شەرکەری A-129C Mangusta. بەگوێرەی زانیارییەکان، لەنێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠٢٠دا، حکومەتی ئیتالیا ٥٧ هێلیکۆپتەر Mangustaی بە تورکیا داوە. بە تایبەت لە ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ کە هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا لەو

کاتەدا بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان چڕترکرابوونەوە. شایەتحاڵانی ئەو هێرشانە، هێلیکۆپتەری مانگوستای ئیتالیان بینیوە کە لەم هێرشانەدا بەشدارییان کردووە.

لە ١٩ تۆپباراندا کە هاوڵاتییانی مەدەنی بە ئامانجگیراون، نۆ هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و ٣٥ هاوڵاتی تری مەدەنی برینداربوون. هەر لەم ڕاپۆرتەدا، پێنج هێرشی تر ئاماژەیان پێکراوە کە سەربازانی تورکیا لە لە بارەگا سەربازییەکانیانەوە بەچەکی قورس و سوک تەقەیان بەڕووی هاوڵاتیانی مەدەنیدا کردووە و لە ئەنجامدا ٣ هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و ١٧ی تریش برینداربوون.

بەهەمان شێوەی ئەو داتایەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، پەیمانگای نێودەوڵەتی ستۆکهۆڵم بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشتی SIPRI پشتڕاستی ئەوەی کردۆتەوە کە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری سەربازی بۆ دەوڵەتی تورکیا هەناردەدەکەن. لە ساڵی ٢٠١٩دا، گەورەترین هەناردەکارانی پشتیوانی سەربازی تورکیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیتالیا و ئیسپانیا بوون. ناتواندرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ڕاستەوخۆ بە بۆردوومانکردنی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق تۆمەتباربکرێن. بەڵام ئەو وڵاتانە بە فرۆشتنی چەک بە دەوڵەتی تورکیا و داننەنان بەو تاوانانەی کە تورکیا بەرامبەر بە کورد، ئاشوری، ئێزیدی و خەڵکانی تر (پێکهاتەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا و کوردانی تورکیا) ئەنجامیدەدات، بەشدارن لەو زیانە گیانیانەی کە بەر هاوڵاتیانی مەدەنی کەتووە. هەروەها کۆمەڵگەی نێودەولەتی تا ئێستا ئەوەی کە لەسەر سنورەکان بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ڕوودەدات، وەک دۆخێکی گرنگ و لە ناکاوی مرۆیی لێی ناڕوانێت کە هاوڵاتیانی مەدەنی تیایدا دەبنە قوربانی.

یەکێتی ئەوروپا لە ڕێگەی بڕیاری هاوکاری سەربازی ژمارە ٩٤٤/٢٠٧ی سیاسەتی هاوبەشی دەرەوە و ئەمنی یەکێتی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠١٣دا، هەوڵی ڕاگرتنی هاوکاریکردنی سەربازی تورکیای دا. لە بڕیارەکەدا هاتووە کە نابێت وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بازرگانی سەربازی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکەن کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرن بەتایبەت وڵاتانی (عەرەبستانی سعودیە، میسر و تورکیا). بەڵام بەداخەوە، تەنیا چەند وڵاتێک پابەندی بڕیارەکەی یەکێتی ئەوروپا بوون و زۆرینەی وڵاتانی تر بڕیارەکەیان پشگوێخستووە.

## کاریگەرییەکانی تری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی



مامۆستایەک، پارچەیەکی بۆردوومان و گولەیەکی نەتەقیو کە پاشماوەی هێرشەکانی تورکیان بۆسەر گوندی هرورێ نیشاندەدات. تشرینی دووەمی ٢٠٢١.

لەپاڵ کوشتن و بریندارکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی باکوری عێراق، بۆردوومانەکانی سوپای تورکیا و داگیرکاری ناوچەکانی سەر سنور بوونەتە هۆی زیانی ماددی، وێرانبوونی خانوو، لەناوچوونی کاسپی و تێکچوون و وێرانبوونی ئەو کێڵگانەی کە بۆ کشتوکاڵ و لەوەڕاندنی ئاژەڵ بەکاردەهێندرێن. ئەم هێرش و ئۆپەراسیۆنانە، بوونەتە هۆی چۆڵبوونی لانی کەم ٥٠٠ گوند و کۆچکردنی گوندنشینان بەرەو شارەکان و دروستبوونی قەیرانی مرۆیی.

[3] لێرەوە داتاکەی پەیمانگای نێودەوڵەتی ستۆکهۆڵم بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشتی *SIPRI* ببینە.

چۆڵبوونی گوندەکان بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە؛ بەتایبەتی، هەندێک لە گوندنشیانن ناتوانن چیتر بەرگەی مەترسی هێرشەکان بگرن بۆسەر ناوچەکانیان، لە کاتێکدا هەندێک لە گوندنشینانی تر بە هۆی وێرانبوونی ڕەزو باخەکانیان و ئەو کێڵگە کشتوکاڵیانەی کە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان بوون، نەیانتوانیوە چیتر بەرگەی بێ داهاتی و بێ بژێوی بگرن. سەرچاوەی ژیانی هەزاران خێزان لەسەر بەرەوبومە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمی ئاژەڵەکانیانە لە گوندەکاندا. لە کاتێکدا بەهۆی ئامادەیی ڕاستەوخۆی سوپای تورکیا یاخود بەهۆی بۆردوومانەکانەوە، گوندنشینان ناتوانن بچنە زەویەکانیان، ڕەزو باخ و لەوەڕگای ئاژەڵەکانیان، ئەوا ناتوانن خواردەمەنی و داهات بۆ خۆیان دەستبەر بکەن و ناچار دەکرێن بە پەنابردنە بەر هاوکاری خزم و کەسوکارەکانیان. ئەو دۆخەی کە جوتیاران و ئاژەڵداران دوچاری هاتوون و ناتوانن بگەڕێنەوە سەر کێڵگەکانیان، بووەتە مایەی زەحمەتی بۆ دانیشتووانی شارۆچکە و پارێزگاکانیش، کە دانیشتووانەکانیان پشت بە بەرهەمە خۆماڵییەکانی ئەو گوندانە دەبەستن.

بەهۆی ئەم بارودۆخەوە، بەشێک لە گوندنشینانی سەر سنور، بۆ دەرەوەی عێراق و بە تایبەت بۆ وڵاتانی ئەوروپا کۆچیان کردووە. هەندێکیان لە ڕێگادا گیانیان سپاردووە، هەندێکیان بە وڵاتانی بەڵکاندا تێپەڕیون، زۆرینەشیان بە دەریای ئیجەدا پەڕیونەتەوە و چەندانی تریش بە بیلاڕوسیادا سنوریان بڕیوە.

لەو زەرەر و زیانانەی کە CPT لە هەموو کەیسەکاندا بە بەڵگەنامەی کردوون، زەبری دەروونی «تراوما» کاریگەری قورس و گەورەی کردۆتە سەر هاوڵاتیانی مەدەنی. سوڕانەوەی فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشکەر و چاودێری، هەروەها نزیکی ئەو بارەگا سەربازییانەی تورکیا و ئێران لە گوندەکان، کە لێیانەوە هێرشەکان ئەنجامدەدرێن، کاریگەرییەکی وەهای لەسەر گوندنشینان دروستکردووە کە بەردەوام لە ترسی بۆردوومانکردندا دەژین.

منداڵانی گوندەکان، توشی کێشەی بێخەوی بوون و ترسیان لە بۆردوومانی شەوان هەیە. گوندنشینان دەڵێن، ئەوەی کە نازانین لە چ کاتێکدا بۆردوومان ڕوودەدات، توشی دڵەڕاوکێیەکی قورسی کردووین. زۆرینەی گوندنشینان لە تراومایەکی قورسدا دەژین، ئەمەش لەوەیە ببێتە هۆی گەیشتن بە ئاستێکی وەهای دڵەڕاوکێ کە دووچاری نۆبەی تۆقینیان بکاتەوە. لە پاڵ داڕوخانی خانوو و قوتابخانەکان، ڕێگا، پرۆژەی ئاو، وێستگەی کارەباش زیانیان بەرکەتووە. کە ئەمەش قورسی و زەحمەتی بۆ دانیشتووانی ئەو گوندانە دروستکردووە لە دەست ڕاگەیشتن بە پێداویستییە سەرەکییەکانیان. وە بە هۆی بەرزی ئاستی مەترسی سەر ئەو ناوچانەش، حکومەت شوێنە زەرەرمەندبووەکانی چاک نەکردۆتەوە و پێداویستییە گرنگەکانی ئەو گوندانەشی پڕ نەکردۆتەوە.

هیچ جۆرە هاوکارییەک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیەوە بەردەست نیە کە هاوڵاتیانی زەرەرمەند لەکاتی قەیران و بۆردوومانەکاندا پشتی پێببەست. نە قوربانیانی بۆردوومانەکان قەرەبوو دەکرێنەوە نە هیچ سیستەمێک هەیە بۆ لە خۆگرتنی ئەو هاوڵاتیانەی کە ئاوارەدەبن. هەروەها پرۆگرامە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکانیش ئەو خەڵکانە ناگرێتەوە کە بەهۆی ئەو شەڕ و بۆردومانانەوە ئاوارەبوون. بەشێک لە سەرۆک شارەوانی و بەڕێوەبەری یەکە ئیدارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەهۆی قەیرانی دارایی، کەمی بودجە و نەبوونی دەستپێشخەری حکومەت و ڕێکخراوە مرۆییەکان، ناتوانن هاوکاری ئاوارەکان بکەن.

لە پاڵ کەمی پشتیوانی دارایی بۆ ئەو خێزانانەی کە زەرەرمەندی بۆردوومانەکانن، هاوکارییەکی زۆر کەم بەردەستە بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و داخوازی پێشکەشکردن بۆ هاوکاری لە ڕێکخراوە نا حکومییەکانیش کەمن و وەک پێویست بەردەستنین. گرنگە ئاماژە بەوەش بکرێت کە بۆشاییەکی گەورە هەیە لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەماهەنگی کردن بۆ تۆمارکردنی قوربانیان. هەردوو حکومەتەکە، ژمارەی شەهیدان و بریندارانی بۆردوومانەکانی تورکیا تۆمارناکەن. وەچەندان کەیس لەبەردەستدان، کە لە شەهادەی وەفاتنامەی قوربانییەکاندا، هۆکاری مەرگی قوربانیان بە دروستی نەنوسراوە و ئەمەش

خێزانی قوربانییەکانی بێبەش کردووە لە بەدەستهێنانی هەر جۆرە هاوکارییەکی دارایی حکومی کە بۆ قوربانیانی جەنگ بەردەستە. بەپێی گوتەی ڕاستەخۆی بەشێک لە ڕزگاربووانی بۆردوومانەکان، هەندێک لە خانەوادەکان ترسیان هەیە لە کاردانەوەی حکومەت، لە کاتی ئاشکراکردنی هۆکاری ڕاستەقینەی مەرگی کەسوکاریان کە بەهۆی بۆردوومانەکان شەهیدبوون. لەهەندێک کەیسی تردا، سەرباری ئەوەی کە خانەوادەی قوربانییەکان داوایان کردووە لە شەهادەی وەفاتنامەدا، هۆکاری مەرگی کەسوکاریان بە دروستی بنوسرێت، بەڵام بەرپرسانی حکومی، لە شەهادەی وەفاتنامەکاندا هۆکاری تر و جیاوازیان نوسیوە.

لە بڕگەکانی پێشوودا، زۆرێک لەو ئاڵەنگارییانەمان ڕوونکردەوە کە هاوڵاتیانی مەدەنی لە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕویان بوونەتەوە؛ ئەو خانەوادە قوربانیانە، پێیانوایە کە ئەوان بە تەنیا بەجێهێڵدراون و پشتگوێخراون.

ئەو هێرشانە بە تەنیا کاریگەرییان لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی نیە، بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا چەندان کاریگەری درێژ مەودا بەجێدەهێڵن. هەروەکو شێواندن و لە ناوبردنی ژینگە. بۆردوومانەکان کاریگەری ماوە درێژ لەسەر خاک بەجێدەهێڵن و بەپیتیان ناهێڵن. دەبێت ئەو زەرەر و زیانانەی کە بەهۆی بۆردوومانەکانەوە بەر ژینگە دەکەون لەبەرچاو بگیرێن. بەگوێرەی قسەی سەرۆکی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان، لە نۆ ساڵی ڕابردوودا ١،٠٣٠،٠٠٠ ئەیکەر زەوی بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیا و ئێران لە هەرێمی کوردستاندا سوتاوە. هەروەها لەساڵی ٢٠٢٠دا، سوپای تورکیا دەستیکرد بە هەڵمەتێکی بەرفراوانی بڕینەوەی دار لە ناوچە سنورییەکانی پارێزگای دهۆک، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێکدانی باڵانسی ژینگەیی لە چیاکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

[4] لێدوانی سەرۆکی دەستەی ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# ڕاسپاردەکان

بەمەبەستی پاراستنی ژیان و بژێوی هاوڵاتیانی مەدەنی، پێویستە سوپای سەربازی تورکیا کۆتایی بە هەموو ئەو هێرشە ئاسمانی و زەمینیانەی بهێنێت کە بە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاوڵاتیانی مەدەنی، گوندنشینیان، جوتیاران، ئۆتۆمبێلی مەدەنی و سەر و ماڵی هاوڵاتیانیان بە ئامانجگرتووە.

پێویستە سوپای تورکیا لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا پاشەکشە بکەن و ڕێگەبدەن کە هاوڵاتیانی مەدەنی بگەڕێنەوە سەر گوند و کێڵگەکانیان.

پێویستە، گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە، ناوچە ئاودانەکان و گوندەکان بۆ مەبەستی کردە سەربازییەکانیان و گواستنەوەی گەریلاکانیان بەکارنەهێنن.

بانگەواز لە ناوەندە دیپلۆماسییەکان دەکەین، کە هەوڵبدەن جارێکی تر پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا بهێننەوە سەر مێزی گفتوگۆ و دانوستانکردن.

هەروەها داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکەین کە:

- دڵنیایی بدەن لە دروستکردنی تۆڕێکی پشتیوانی بۆ قەرەبووکردنەوە و دابینکردنی هاوکاری پێویستی تەندروستی و دەروونی بۆ ئەو هاوڵاتییە مەدەنیانەی کە بوونەتە قوربانی بۆردوومان و ململانێ سەربازییەکان.
- بنیاتنانی ناوەندی تایبەت و دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار کە تیایدا، قوربانیان و ڕزگاربووانی بۆردوومانەکان بتوانن ڕاستەوخۆ زانیاری لە بارەی هێرشەکانەوە بدەن و لە بڕیاردان لە چارەنوسیان بەشداری پێبکرێن. ئەمە وادەکات کە هاوڵاتیانی مەدەنی کە قوربانی سەرەکی ئەو ململانێیانەن هەست بکەن دەنگیان دەبیسترێت.
- پیشخستنی جۆرێک لە سیستەم کە بتوانێت قوربانیان و شایەتحاڵانی ڕووداوەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە بۆ چاودێریکردنی زەرەر و زیانە گیانییەکان بە شێوەیەک کە هیچ قوربانییەک هەست بە پەراوێزخستن نەکات. دەبێت ئەم سیستەمە بە هەماهەنگی لەنێوان بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و ڕێکخراو و ئاژانسەکانی مافی مرۆڤ، پەرەی پێبدرێت و جێبەجێ بکرێت.
- پێویستە لە هەر پرۆسەیەکی بڕیاردانی پەیوەست بەم دۆسیەیە، شارەزایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چاودێرانی ماف مرۆڤ و چالاکانی بواری ژینگە کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەبەڵگەنامە کردنی کاریگەرییەکانی ئەو شەڕە لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی و ژینگەدا هەبووە، لەبەرچاوبگیرێت.

بانگەواز لە هەموو ئەو دەوڵەت و حکومەتانە دەکەین، کە چەک بە دەوڵەتی تورکیا دەدەن یاخود پێی دەفرۆشن، پاراستنی سەر و گیانی هاوڵاتیانی مەدەنی و پابەندیان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بخەنە پێش هەر بەرژەوەندییەکی تر کە لەگەڵ تورکیادا هەیانە.

# ئامادەکارانی ئەم ڕاپۆرتە و کەمپەینی "کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن"

نوسەرانی ئەم ڕاپۆرتە، لێکۆڵەر و و ئەندامی کۆمەڵێک ڕێکخراوی ناحکومین کە بارەگایان لە عێراق، هەرێمی کوردستانی عێراق، ئیتالیا، بەریتانیا، ئیسپانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە. بۆ چەندان ساڵ لەپاڵ کۆمەڵگەی مەدەنی عێراق و هەرێمی کوردستاندا کاریان کردووە و هاوبەشیان کردووە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و بە دیهێنانی ئاشتی. هەروەها نوسەرانی ئەم ڕاپۆرتە، ئەندامی کەمپەینی نێودەوڵەتی «کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن»ن. ئەم کەمپەینە لەلایەن ئەو خێزانە کوردانەی عێراقەوە ڕاگەیاندراوە کە زەرەرمەندی شەڕی نێوان سوپای سەربازی تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەن.

بەمەبەستی ئاشکراکردنی هەموو ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ کە لەدژی هاوڵاتیانی مەدەنی کوردستانی عێراق و باکوری عێراق ئەنجامدراوە، کەمپەینەکە بڕیاریداوە کە ئەم ڕاپۆرتە بڵاوبکاتەوە. بیانکا فارسێتی، ڕێکخەری نێودەوڵەتی کەمپەینی «کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن» گوتی، « بەمەبەستی تیشک خستنەسەر بارودۆخی هاوڵاتیانی مەدەنی و ئاشکراکردنی کەمی یاخود نەبوونی هاوکاری مرۆیی بۆ هاوڵاتیانی زەرەرمەند، زۆر گرنگ بوو کە بتوانین داتای قوربانیان و زانیاری لەسەر هێرشی سەر ناوچە سنورییەکان کۆبکەینەوە کە تەنیا بەشێکی کەمی ئەو هێرشانە لەلایەن حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بەبەڵگەنامە کراون. بۆ ئەندامانی کەمپیەنەکە، بەتەنیا پۆلێکردنی ژمارەیی قوربانییەکان بەس نەبوو، بەڵکو نیشاندانی چیرۆکەکانیان بۆ گەیاندنی دەنگی خێزانەکانیان و فشارخستنە سەر ناوەندە حکومییەکان بۆ ناساندنی هاوڵاتیانی مەدەنی زەرەمەند وەک قوربانیانی ئەم جەنگە بۆ ئێمە گرنگ بوو. بۆ پاراستنی بەهاکانی بێلایەنی ئەم ڕاپۆرتە، سەرجەمی داتاکان، سەربەخۆیانە و دوور لە بەشداری لایەنەکانی ئەم ناکۆکی و ململانێیانە کۆکراونەتەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.»

ئەندامانی ئەم کەمپەینە، زۆر نیگەرانن لەو شێوازە ژیانە قەیراناویەی کە هاوڵاتیانی مەدەنی ناچار کراون تێیدابژین و حکومەتی خۆجێی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەبەرامبەر ئەو قەیرانانەدا بە کەمتەرخەمیەوە مامەڵەدەکەن. ئەو هاوڵاتیانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا باسیان لێوەکرا، تا ئێستاش بەدەست شەڕ و ناکۆکییەکانی ساڵانی پێشووترەوە دەناڵێن بۆنمونە، ئەو جینۆسایدەی کە ڕژێمی پێشوی بەعس ئەنجامیدا، هەڵگیرسانی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراق-ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، داگیرکارییەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٩٠ەکان و ٢٠٠٠ەکاندا، وە لەم دواییانەشدا هێرشی چەکدارانی داعش بۆسەر هەرێمی کوردستان و عێراق. هەموو ئەو شەڕ و پێکدادانانە هیچیان لێوە بەرهەم نەهات، بە تەنیا ئازاری زیاتر نەبێت بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی و نێودەوڵەتی، بڕیاریانداوە کە بەیەکەوە و بە هاوبەشی کاربکەن بۆ ئاشکراکردنی ئەو بۆردوومانانەی کە هاوڵاتیانی مەدەنیان بە ئامانجگرتووە و بە یەکگرتوویی فشاربخەنە سەر دەوڵەتانی دەرەوە بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە دژی ئەو سیاسەتە وێرانکارییەی کە دەوڵەتی تورکیا، چەندین ساڵە بەرامبەر بە کورد و پێکهاتە و کەمینەکانی تری تورکیا، پیادەی دەکات. بە تایبەت داخوازیکردنی بەردەوام لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک بە تورکیا. ئەو چەکانەی کە بە تورکیا فرۆشراون، لە هێرشەکاندا بەکارهێندراون. ئەندامانی ئەم کەمپەینە تێبینی گرنگی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە دەکەن، لە بارودۆخێکدا کە ئێستا دواین ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا، چنگی- قفڵ بەڕێوەدەچێت و بە هەمان شێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی تر چاوەڕێی هەبوونی قوربانی مەدەنی لێدەکرێت، بەڵام دواین قوربانی و زیانەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە، نە تۆمارکراوە و نەزانراویشە، تەنانەت لەلایەن بەرپرسانی سەرەکی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و عێراقیشەوە.

**بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و بنیادنانی جیهانێکی بێ چەک، ئێستا کاتی بەرهەڵستی کردنی ئەم شەڕە و تەواوی شەڕەکانی دنیایە!**

## پاشکۆی ژمارە ١: ئەو هێرشانەی سوپای تورکیا کە بەهۆیانەوە زیانی گیانی بۆسەر هاوڵاتیانی مەدەنی لێکەوتۆتەوە (بەشی ١، ٢٠١٥ - ٢٠١٩)

| کۆد | بەروار رۆژ-مانگ - ساڵ | کات | کوژراو ( کەمترین ) | کوژراو ( زۆرترین ) | برینداران (کەمترین ) | برینداران ( زۆرترین ) | چەکی بەکارهاتوو | شارۆچکە یان لادێ (1) =ناوەوە (2) = دەرەوە | قەزا و ناحیەیی دەوروبەر | قەزا و ناحیە | پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| cb99060 | 2015-08-01 | 4:00 بەیانی | 8 | 8 | 12 | 12 | هێرشی ئاسمانی | زارگەڵی (1) | وەرتێ | سۆران | هەولێر |
| cb72668 | 2016-02-04 | | 3 | 3 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | فازڵیە (1) | باشیک | حەمدانیە | نەینەوا |
| cb47687 | 2016-10-03 | | 2 | 2 | 4 | 4 | تۆپباران | فازڵیە (1) | باشیک | حەمدانیە | نەینەوا |
| cb27178 | 2016-10-09 | نیوەڕۆ | 3 | 3 | 0 | 0 | تۆپباران | فازڵیە(1) | باشیک | حەمدانیە | نەینەوا |
| cb98658 | 2016-10-24 | | 3 | 3 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | ماواتا (2) | مێرگەسۆر | سۆران | هەولێر |
| cb48913 | 2017-04-21 | | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپباران | ئامێدی | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb30441 | 2017-05-03 | | 1 | 1 | 5 | 7 | تۆپباران | سنجش (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb71994 | 2017-05-16 | | 2 | 2 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | بارسلی (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb69874 | 2017-05-31 | | 2 | 2 | 4 | 4 | هێرشی ئاسمانی | | سەنگەسەر | پشدەر | سلێمانی |
| cb43668 | 2017-07-28 | 6:00 نیوەڕۆ | 0 | 0 | 4 | 4 | تۆپباران | بیساخا (2) | باتیفا | زاخۆ | دهۆک |
| cb32489 | 2017-09-18 | | 7 | 7 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | شیلادزێ (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb84936 | 2017-11-12 | | 0 | 1 | 3 | 3 | هێرشی ئاسمانی | چیایی ئاسۆس (2) | ماوەت | ماوەت | سلێمانی |
| cb61474 | 2017-11-13 | 3:00 نیوەڕۆ | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | بەرمیزە (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb75928 | 2017-11-23 | | 1 | 1 | 1 | 1 | هێرشی ئاسمانی | | | | دهۆک |
| cb49479 | 2017-12-28 | | 1 | 1 | 1 | 1 | هێرشی ئاسمانی | ئامێدی | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb23567 | 2018-01-24 | | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | | | | دهۆک |
| cb61242 | 2018-02-12 | | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | | | | دهۆک |
| cb18230 | 2018-03-07 | | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | | | | دهۆک |
| cb38725 | 2018-03-15 | | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | | | | دهۆک |
| cb41367 | 2018-03-22 | 1:15 بەیانی | 4 | 4 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | سەرکان(1) | قەسری شیرین | چۆمان | هەولێر |
| cb91051 | 2018-03-24 | | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | | | ئامێدی | دهۆک |
| cb39409 | 2018-03-25 | نیوەڕۆ | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | هیلی (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb52493 | 2018-04-06 | | 0 | 0 | 2 | 2 | تۆپباران | برادۆست (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb59756 | 2018-04-07 | | 3 | 3 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | نێروە (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb91601 | 2018-06-23 | | 0 | 3 | 0 | 3 | هێرشی ئاسمانی | بیسال (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb54481 | 2018-06-30 | 3:00 نیوەڕۆ | 1 | 1 | 0 | 0 | تۆپباران | برادۆست (2) | مەخمور | سۆران | هەولێر |
| cb34376 | 2018-07-15 | | 1 | 1 | 0 | 0 | تۆپباران | لیلکان (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb24013 | 2018-07-22 | | 2 | 2 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | | | | دهۆک |
| cb53434 | 2018-08-07 | | 1 | 1 | 0 | 0 | تۆپباران | | | | دهۆک |
| cb45642 | 2018-11-03 | | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | | | | دهۆک |
| cb18833 | 2018-11-14 | | 3 | 3 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | ئارادن (2) | بامەڕنێ | ئامێدی | دهۆک |
| cb82330 | 2018-12-13 | 9:00 نیوەڕۆ | 0 | 4 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | کەمپی مەخمور(1) | مەخمور | مەخمور | هەولێر |
| cb81744 | 2019-01-23 | | 6 | 6 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | هێتوت (2) | دێرەلوک | ئامێدی | دهۆک |
| cb30010 | 2019-01-26 | 3:00 نیوەڕۆ | 1 | 1 | 10 | 15 | تەقەکردن | شیلادزێ (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb83143 | 2019-05-15 | | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | چیای بۆتێ (2) | بارزان | مێرگەسۆر | هەولێر |
| cb12941 | 2019-06-04 | | 1 | 1 | 0 | 0 | تەقەکردن | فیشخابور (2) | زاخۆ | زاخۆ | دهۆک |
| cb87870 | 2019-06-05 | 6:00 بەیانی | 0 | 0 | 3 | 3 | هێرشی ئاسمانی | مێرگەڕەش (1) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb77755 | 2019-06-07 | نیوەڕۆ | 0 | 0 | 1 | 1 | هێرشی ئاسمانی | گرێبیا (2) | باتیفا | زاخۆ | دهۆک |
| cb72931 | 2019-06-12 | | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | ئامێدی (٢) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb10841 | 2019-06-26 | | 1 | 1 | 1 | 1 | هێرشی ئاسمانی | زنیان (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb87810 | 2019-06-27 | 6:00 نیوەڕۆ | 3 | 3 | 5 | 5 | فڕۆکەی بێفڕۆکەوان | ئاشقوڵکە (2) | سەنگەسەر | پشدەر | سلێمانی |
| cb76943 | 2019-07-18 | 4:30 نیوەڕۆ | 0 | 0 | 3 | 5 | هێرشی ئاسمانی | سپیندار (1) | چەمانکێ | ئامێدی | دهۆک |
| cb47805 | 2019-07-19 | بەیانی | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | کەمپی مەخمور (1) | مەخمور | مەخمور | هەولێر |
| cb91069 | 2019-08-19 | 9:30 بەیانی | 0 | 0 | 2 | 3 | هێرشی ئاسمانی | بۆڵێ (2) | سەنگەسەر | پشدەر | سلێمانی |
| cb20358 | 2019-08-29 | 12:00نیوەڕۆ | 0 | 0 | 1 | 1 | هێرشی ئاسمانی | شیرانی (2) | دێرەلوک | ئامێدی | دهۆک |
| cb81944 | 2019-09-20 | | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپباران | دورێ (2) | کانی ماسێ | ئامێدی | دهۆک |
| cb14214 | 2019-09-25 | | 1 | 1 | 5 | 5 | هێرشی ئاسمانی | کانی ماسێ (1) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb28486 | 2019-09-26 | 4:00 بەیانی | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | زێوکە (1) | ژاراوە | پشدەر | سلێمانی |

لەم تۆمارەدا ، ژمارەی قوربانیانی هەندێک لە ڕووداوەکان لە خانەی (کەمترین) بە "سفر" داندراوە، بەڵام لە خانەی (زۆرترین)دا ژمارەیەکی زیاتری قوربانی دانراوە. هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ:

- (پەمەیی) ئەگەری ئەوەی کە هەمان ڕووداو، دوو جار تۆمارکرابێت.
- (شین) ئەگەری ئەوەی کە قوربانییەکان خەڵکی مەدەنی نەبن و چەکدار بن.
- (زەرد) ئەگەر ئەوەی کە ئەنجامدەری هێرشەکە، سوپای تورکیا نەبێت، بەڵکو پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە یاخود سوپای پاسدارانی ئێران بێت.

## تەواوکەری پاشکۆی ژمارە ١: ئەو هێرشانەی سوپای تورکیا کە بەهۆیانەوە زیانی گیانی بۆ سەر هاوڵاتیانی مەدەنی لێکەوتۆتەوە (بەشی ٢، ٢٠٢٠-٢٠٢١)

| کۆد | بەروار رۆژ-مانگ - ساڵ | کات | کوژراو ( کەمترین ) | کوژراو ( زۆرترین ) | برینداران (کەمترین ) | برینداران ( زۆرترین ) | چەکی بەکارهاتوو | شارۆچکە یان لادێ (1) =ناوەوە (2) = دەرەوە | قەزا و ناحیەیی دەوروبەر | قەزا و ناحیە | پارێزگا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| cb85624 | 2020-01-15 | 11:35 بەیانی | 0 | 0 | 1 | 1 | هێرشی ئاسمانی | دووگریی (1) | شەنگال | شەنگال | نەینەوا |
| cb73298 | 2020-01-27 | | 1 | 1 | 3 | 3 | هێرشی ئاسمانی | ناوچەی دینارتە | دینارتە | ئاکرێ | دهۆک |
| cb74925 | 2020-02-26 | 4:00 دوای نیوەڕۆ | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | سیدان - گەلی باڵندا (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb85181 | 2020-02-26 | | 0 | 0 | 1 | 1 | تەقەکردن | چیای دیل(1) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb32135 | 2020-04-15 | 1:00 دوای نیوەڕۆ | 3 | 3 | 3 | 3 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | کەمپی مەخمور (2) | مەخمور | مەخمور | هەولێر |
| cb15668 | 2020-04-28 | | 2 | 2 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | خواکورك (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb73009 | 2020-05-30 | 9:30 بەیانی | 2 | 2 | 1 | 1 | هێرشی ئاسمانی | هێتوت (1) | دێرەلوک | ئامێدی | دهۆک |
| cb10638 | 2020-06-15 | 1:00 بەیانی | 0 | 0 | 2 | 3 | هێرشی ئاسمانی | شەنگال (2) | شەنگال | شەنگال | نەینەوا |
| cb53001 | 2020-06-17 | 11:00 دوای نیوەڕۆ | 1 | 1 | 0 | 1 | هێرشی ئاسمانی | خنێرە (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb13070 | 2020-06-19 | 1:00 دوای نیوەڕۆ | 3 | 3 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | سیدان - گەلی باڵندا (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb52102 | 2020-06-19 | | 2 | 2 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | ناوچەی ئامێدی | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb46718 | 2020-06-25 | 6:15 دوای نیوەڕۆ | 0 | 0 | 4 | 4 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | کاني ماسێ (1) | ماوەت | ماوەت | سلێمانی |
| cb83592 | 2020-07-26 | 4:30 دوای نیوەڕۆ | 2 | 2 | 0 | 0 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | حەسەن پیرک (2) | بامەڕنێ | ئامێدی | دهۆک |
| cb29693 | 2020-07-29 | 7:30 دوای نیوەڕۆ | 0 | 0 | 5 | 5 | تۆپباران | دەشتا هێرتێ | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb75533 | 2020-08-07 | 1:30 دوای نیوەڕۆ | 0 | 0 | 1 | 1 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | قامیش (2) | ماوەت | ماوەت | سلێمانی |
| cb34871 | 2020-08-11 | | 3 | 3 | 1 | 3 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | برادۆست (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb36998 | 2020-08-11 | | 0 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | قۆپی موهاجیران (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb47294 | 2020-08-19 | 1:45 دوای نیوەڕۆ | 1 | 1 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | کاني مازی (1) | کانی ماسێ / بەرواری باڵا | ئامێدی | دهۆک |
| cb60963 | 2020-08-20 | | 0 | 0 | 1 | 1 | تەقەکردن | شاپان (1) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb74991 | 2020-12-07 | | 3 | 3 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | زێوا (2) | دێرەلوک | ئامێدی | دهۆک |
| cb88164 | 2021-01-22 | 2:30 دوای نیوەڕۆ | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | چیای گارە (1) | چەمانکێ | ئامێدی | دهۆک |
| cb33451 | 2021-02-02 | | 0 | 0 | 1 | 1 | هێرشی ئاسمانی | شێنێ (1) | ژاراوە | پشدەر | سلێمانی |
| cb99379 | 2021-02-12 | | 0 | 13 | 0 | 0 | هێرشی ئاسمانی | چیای گارە (2) | چەمانکێ | ئامێدی | دهۆک |
| cb27772 | 2021-03-19 | 9:00 دوای نیوەڕۆ | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی هێلیکۆپتەر | سنینێ (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb96109 | 2021-04-30 | | 0 | 0 | 1 | 1 | کەوتنە خوارەوەی فرۆک | زیوا سەیدا موسا (2) | سیدەکان | ئامێدی | دهۆک |
| cb40354 | 2021-05-25 | 10:30 بەیانی | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپباران | دیشیشێ (1) | کانی ماسێ / بەرواری باڵا | ئامێدی | دهۆک |
| cb37463 | 2021-05-26 | 2:30 بەیانی | 0 | 0 | 2 | 2 | تۆپباران | بهێرێ (2) | دەرکار | زاخۆ | دهۆک |
| cb81223 | 2021-06-01 | | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپباران | هرورێ (1) | کانی ماسێ / بەرواری باڵا | ئامێدی | دهۆک |
| cb92094 | 2021-06-05 | | 0 | 3 | 0 | 5 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | کەمپی مەخمور (1) | مەخمور | مەخمور | هەولێر |
| cb31568 | 2021-06-13 | 1:30 دوای نیوەڕۆ | 1 | 1 | 0 | 0 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | بێکلۆ (2) | هەڵشۆ | پشدەر | سلێمانی |
| cb65879 | 2021-07-07 | | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپباران | هرورێ (1) | کانی ماسێ / بەرواری باڵا | ئامێدی | دهۆک |
| cb84139 | 2021-07-08 | | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | بۆڵێ (2) | سیدەکان | سۆران | هەولێر |
| cb66643 | 2021-08-10 | 3:50 دوای نیوەڕۆ | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپباران | بۆسەل (1) | دەرکار | زاخۆ | دهۆک |
| cb14559 | 2021-08-13 | 10:30 بەیانی | 1 | 1 | 0 | 0 | تەقەکردن | دیشیشێ(1) | کانی ماسێ / بەرواری باڵا | ئامێدی | دهۆک |
| cb85769 | 2021-08-16 | | 0 | 0 | 3 | 3 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | گوندی شەنگال (1) | شەنگال | شەنگال | نەینەوا |
| cb84890 | 2021-08-17 | | 4 | 4 | 4 | 9 | فرۆکەی بێ فرۆکەوان | ساکینە (1) | شەنگال | شەنگال | نەینەوا |
| cb71912 | 2021-09-02 | | 0 | 0 | 2 | 2 | هێرشی ئاسمانی | سیدان - گەلی باڵندا (2) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک |
| cb20340 | 2021-09-04 | | 0 | 0 | 3 | 3 | تۆپباران | هرورێ (1) | کانی ماسێ / بەرواری باڵا | ئامێدی | دهۆک |
| cb92239 | 2021-09-24 | 10:00بەیانی | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپباران | هرورێ (1) | کانی ماسێ / بەرواری باڵا | ئامێدی | دهۆک |
| cb91588 | 2021-12-27 | | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپباران | بانکێ (1) | باتیفا | زاخۆ | دهۆک |
| کۆی گشتی | | 2021–2015 | **98** | **123** | **134** | **161** | | | | | |

لەم تۆمارەدا، ژمارەی قوربانیانی هەندێک لە ڕووداوەکان لە خانەی (کەمترین) بە "سفر" داندراوە، بەڵام لە خانەی (زۆرترین)دا ژمارەیەکی زیاتری قوربانی دانراوە. هۆکاری ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ:

- :ئەگەری ئەوەی کە هەمان ڕووداو، دوو جار تۆمارکرابێت.
- :ئەگەری ئەوەی کە قوربانییەکان خەڵکی مەدەنی نەبن و چەکدار بن.
- :ئەگەر ئەوەی کە ئەنجامدەری هێرشەکە، سوپای تورکیا نەبێت، بەڵکو پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە یاخود سوپای پاسدارانی ئێران بێت.

ۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەریەکێک لە ڕووداوەکان و هێڵی تەوەرەیی شوێنی ڕووداوەکان و سەرچاوەی زانیاری ڕووداوەکان گرتە لەسەر ئەم بەستەرە بکە: bit.ly/ecbb-dataset-ku

## پاشکۆی ژمارە ٢: ناسنامە و دیمۆگرافیای زانراوی ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کە کوژراون

| کۆد | بەروار ڕۆژ-مانگ - ساڵ | کوژراو<br>ناوی برینداران نەنوسراوە | ڕەگەز | تەمەن | مەودای تەمەن | پیشە | پەیوەندی خێزانی نێوان قوربانییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| cb99060 | 2015-08-01 | عائیشە ئەحمەد مستەفا * | مێ | | بەتەمەن (60+) | | * داپیرە |
| | | هەیبەت محەمەد ئەمین | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | | خوشک |
| | | سیما خەبات | مێ | | 20-29 | فەرمانبەری شارەوانی | |
| | | عەبدولقادر بکر | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | عیندومن شارونچ | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | فەرمانبەری شارەوانی | |
| | | کارۆخ محەمەد ئەمین | نێر | | 30-39 | پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | برا |
| | | نەجیب عەزیز | نێر | | 50-59 | خاوەن دوکان | |
| | | سەلاح محەمەد ئەمین | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | موختار | برا |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | خوێندکار | |
| | | | مێ | | منداڵ (4-17) | خوێندکار | |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | | |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی نەخۆشخانە | |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | ڕاهێنانخوازی پزیشکی | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | | |
| cb47687 | 2016-10-03 | ئەحمەد حەمزە فازڵ* | نێر | | منداڵ (4-17) | | * برا |
| | | محەمەد حەمزە فازڵ* | نێر | | منداڵ (4-17) | | * برا |
| cb27178 | 2016-10-09 | * | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | | *باوک |
| | | * | نێر | | منداڵ (4-17) | | * نەوە |
| | | * | نێر | | منداڵ (4-17) | | * نەوە |
| cb98658 | 2016-10-24 | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| cb30441 | 2017-05-03 | سدقی ئیسلام | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| cb43668 | 2017-07-28 | | نێر | | 20-29 | یاریزانی تۆپی پێ | |
| | | | نێر | | 20-29 | یاریزانی تۆپی پێ | |
| | | | نێر | | 20-29 | | |
| | | | نێر | | 20-29 | | |
| cb32489 | 2017-09-18 | عەلی مستەفا* | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | * برا |
| | | فاخیر تاهیر مستەفا | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| | | حەکیم سەعید | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| | | جێگر مستەفا* | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | * برا |
| | | ئوسامە تامر | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| | | شاباز سەعید | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| | | سیداد سادق | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| cb61474 | 2017-11-13 | هیمداد عوسمان | نێر | 22 | 20-29 | بازرگان | |
| cb41367 | 2018-03-22 | بێژەن مستەفا | نێر | | 20-29 | خوێندکار لە بەشی یاسا | |
| | | دەرباز محەمەد | نێر | | 20-29 | | |
| | | محەمەد ئیسماعیل | نێر | | 20-29 | پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | شێرکۆ مەحمود | نێر | | 20-29 | | |
| cb91051 | 2018-03-24 | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | | |
| cb39409 | 2018-03-25 | | نێر | 35 | 30-39 | | |
| cb59756 | 2018-04-10 | ماجید محەمەد* | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | هەنگەوان - پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | * برا |
| | | ڕەمەزان محەمەد* | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | هەنگەوان - پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | * برا |
| | | تاهیر محەمەد* | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | هەنگەوان - پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | * برا |
| cb54481 | 2018-06-30 | دونیا ڕەشید | مێ | 19 | 18-19 | خوێندکار | |
| cb45642 | 2018-11-03 | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| cb18833 | 2018-11-14 | دلۆڤان محەمەد ساڵح | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | هەنگەوان | |
| | | ئیسماعیل حەسەن | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | هەنگەوان | |
| | | ڕەمەزان ئەحمەد | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | هەنگەوان | |
| cb82330 | 2018-12-13 | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | | نازانرێت هاوڵاتی مەدەنییە یان چەکدارە |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | | نازانرێت هاوڵاتی مەدەنییە یان چەکدارە |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | | نازانرێت هاوڵاتی مەدەنییە یان چەکدارە |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | | نازانرێت هاوڵاتی مەدەنییە یان چەکدارە |
| cb81744 | 2019-01-23 | ئازاد ماجید | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | ڕاوچی- پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | ئازاد شاهین | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | ڕاوچی- پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | بەختیار | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | هەنگەوان | |
| | | حەیدەر | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | ڕاوچی- پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | ڕێدار | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | ڕاوچی- پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | زیاد | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | هەنگەوان | |

## تەواوکەری پاشکۆی ژمارە ٢: ناسنامە و دیمۆگرافیای زانراوی ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کە کوژراون

| کۆد | بەروار رۆژ-مانگ - ساڵ | قوربانیان / ناوی بریندارن نەنوسراوە | ڕەگەز | تەمەن | مەودای تەمەن | پیشە | پەیوەندی خێزانی نێوان قوربانییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| cb30010 | 2019-01-26 | حوسێن ڕێکانی | نێر | 14 | مندال (4-17) | | |
| cb83143 | 2019-05-15 | کازم عەلی | نێر | 50 | 50-59 | جوتیار | |
| cb12941 | 2019-06-04 | ئەمین ساڵح عومەر مەحمود | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | ئێزیدی |
| cb87870 | 2019-06-05 | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار- پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار- پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار- پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| cb77755 | 2019-06-07 | | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| cb72931 | 2019-06-12 | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| cb10841 | 2019-06-26 | مەنسور مەنفی | نێر | 25 | 20-29 | ئەفسەری پۆلیس | |
| | | | نێر | 20 | 20-29 | | |
| cb87810 | 2019-06-27 | کوردستان عەبدوڵڵا ئاڵی * | مێ | 30 | 30-39 | | خوشک |
| | | عەبدوڵڵا ئاڵی مینە * | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | باوک |
| | | هەریاد عەبدوڵڵا ئاڵی * | نێر | 17 | مندال (4-17) | | برا |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| | | | مێ | | مندال (4-17) | | |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| | | | نێر | | مندال (4-17) | | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار- خاوەن دوکان | |
| cb76943 | 2019-07-18 | | | | مندال (4-17) | | |
| | | | | | مندال (4-17) | | |
| cb91069 | 2019-08-19 | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| cb81944 | 2019-09-20 | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| cb14214 | 2019-09-25 | یوسف جەمال | نێر | 19 | 18-19 | | |
| cb28486 | 2019-09-26 | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| | | | نێر | 25 | 20-29 | | |
| cb73298 | 2020-01-27 | سەعید حەبیب یوسف | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| cb74925 | 2020-02-26 | خەلیل ئیبراهیم سیدانی | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| cb85181 | 2020-02-26 | | نێر | 12 | مندال (4-17) | | |
| cb32135 | 2020-04-15 | ئایشو فرحان احمد | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| | | ئێزمی ئاکدۆغان | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| | | هاوە ئاکدۆغان | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| cb15668 | 2020-04-28 | فاخیر تەزەوێرد | نێر | 35 | 30-39 | جوتیار | |
| | | ڕەشید میرۆ | نێر | 36 | 30-39 | جوتیار | |
| cb73009 | 2020-05-30 | ئەحمەد جەلال * | نێر | 32 | 30-39 | جوتیار | نەوە |
| | | جەلال نورەدین * | نێر | 60 | 60-69 | جوتیار | باوک |
| cb53001 | 2020-06-17 | عەباس مەغدید | نێر | 37 | 30-39 | ئاژەڵدار | |
| cb13070 | 2020-06-19 | ئازاد مەهدی | نێر | 26 | 20-29 | کرێکار | |
| | | دێمان عومەر | نێر | 28 | 20-29 | کرێکار | |
| | | موخلیس ئادەم | نێر | 28 | 20-29 | کرێکار | |
| cb52102 | 2020-06-19 | ئەمین ساڵح | نێر | 23 | 20-29 | | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | | |
| cb46718 | 2020-06-25 | | مێ | | مندال (4-17) | | |
| | | | نێر | | مندال (4-17) | | |
| | | | مێ | | 20-29 | خاوەن دوکان | |
| | | | نێر | | 30-39 | خاوەن دوکان | |
| cb83592 | 2020-07-26 | عەبدوڵڵا ئەحمەد | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | پێشمەرگە لە کاتی پشووی ماڵەوە | |
| | | دلۆڤان شاهین عومەر | نێر | 29 | 20-29 | خاوەن دوکان | |
| cb29693 | 2020-07-29 | | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| | | | مێ | | پێگەیشتوو (+18) | جوتیار | |
| cb75533 | 2020-08-07 | | نێر | | 30-39 | شۆفێری پاس | |
| cb34871 | 2020-08-11 | محەمەد ڕەشید سلێمان | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | ئەفسەر لە پاسەوانی سەر سنوور | چەکدار (لایەنی نا بەشدار لە ناکۆکی) |
| | | زوبێر حالی برادۆستی | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | ئەفسەر لە پاسەوانی سەر سنوور | چەکدار (لایەنی نا بەشدار لە ناکۆکی) |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (+18) | شۆفێر لە پاسەوانی سەر سنوور | چەکدار (لایەنی نا بەشدار لە ناکۆکی) |

## تەواوکەری پاشکۆی ژمارە ٢: ناسنامە و دیمۆگرافیای زانراوی ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کە کوژراون

| کۆد | بەروار ڕۆژ-مانگ - ساڵ | قوربانیان / ناوی بریندارانی نەنوسراوە | ڕەگەز | تەمەن | مەودای تەمەن | پیشە | پەیوەندی خێزانی نێوان قوربانییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| cb47294 | 2020-08-19 | خالید عەبدولرەحمان | نێر | 60 | پێگەیشتوو (18+) | مامۆستا وجوتیار | |
| cb60963 | 2020-08-20 | | نێر | 33 | پێگەیشتوو (18+) | خاوەن دوکان | |
| cb74991 | 2020-12-07 | حەسەن سادق | نێر | 56 | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| | | موحسین حاجی | نێر | 64 | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| | | سەفەر سەلیم | نێر | 54 | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| cb88164 | 2021-01-22 | | نێر | 15 | منداڵ (4-17) | | |
| | | | نێر | 10 | منداڵ (4-17) | | |
| cb33451 | 2021-02-02 | | مێ | 16 | منداڵ (4-17) | خوێندکار | |
| cb99379 | 2021-02-12 | عادل کەباکلی | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | لە کاتی ئەرکی سەربازیدا دەستگیرکرا | بارمتە - تورک |
| | | ئایدن کۆسە | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | | بارمتە - تورک |
| | | حوسێن ساری | نێر | 32 | 30-39 | پسپۆڕی بەرگری ئاسمانی | بارمتە - تورک |
| | | مەولود قاوەچی | نێر | 31 | 30-39 | سەرباز | بارمتە - تورک |
| | | محەمەد ساڵح کنجا | نێر | 38 | 30-39 | | بارمتە - تورک |
| | | موسلیم ئاڵتینتاش | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | | بارمتە - تورک |
| | | سیداد سورگون | نێر | 35 | 30-39 | ئەفسەری سوپا | بارمتە - تورک |
| | | سیداد یابلاک | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | ئەفسەری پۆلیس | بارمتە - تورک |
| | | سەمیح ئوزبی | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | سەرباز | بارمتە - تورک |
| | | سلێمان سەنگار | نێر | 27 | 20-29 | لە کاتی ئەرکی سەربازیدا دەستگیرکرا | بارمتە - تورک |
| | | ئومیت گێچەر | نێر | 35 | 30-39 | | بارمتە - تورک |
| | | ڤەدات کایا | نێر | 28 | 20-29 | ئەفسەری پۆلیس | بارمتە - تورک |
| | | جوتیار موحسین حوسێن | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | | بارمتە - کورد |
| cb27772 | 2021-03-19 | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار\ئاژەڵدار | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار\ئاژەڵدار | |
| cb96109 | 2021-04-30 | | مێ | 11 | منداڵ (4-17) | | |
| cb40354 | 2021-05-25 | | نێر | 20 | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| cb37463 | 2021-05-26 | | نێر | 20 | پێگەیشتوو (18+) | ئاژەڵدار | ئێزیدی |
| | | | نێر | 16 | منداڵ (4-17) | ئاژەڵدار | ئێزیدی |
| cb81223 | 2021-06-01 | | نێر | 71 | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| cb31568 | 2021-06-13 | ئەبوبەکر تۆفیق | نێر | 26 | 20-29 | چالاکوان | |
| cb65879 | 2021-07-07 | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | | |
| cb84139 | 2021-07-08 | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | ئاژەڵدار | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | ئاژەڵدار | |
| cb66643 | 2021-08-10 | | نێر | 55 | 50-59 | جوتیار | |
| cb14559 | 2021-08-13 | ئیبراهیم حەسەن محەمەد | نێر | 51 | 50-59 | جوتیار | |
| cb85769 | 2021-08-16 | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی ڕێکخراوی هەڵگرتنەوەی مین | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی ڕێکخراوی هەڵگرتنەوەی مین | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی ڕێکخراوی هەڵگرتنەوەی مین | |
| cb84890 | 2021-08-17 | موخلیسە سیدار | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی تەندروستی | |
| | | عەلی ڕەشۆ خدر | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی تەندروستی | |
| | | حەجی خدر | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی تەندروستی | |
| | | سیدۆ ئەلیاس ڕەشۆ | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی تەندروستی | |
| | | | مێ | | منداڵی ساوا (0-3) | | |
| | | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | کارمەندی تەندروستی | |
| cb71912 | 2021-09-02 | | نێر | 55 | 50-59 | ڕاوچی | |
| | | | نێر | 45 | 40-49 | ڕاوچی | |
| cb20340 | 2021-09-04 | | مێ | 28 | 20-29 | | |
| | | | مێ | | بەتەمەن (60+) | جوتیار | |
| | | | نێر | 76 | 70-79 | جوتیار | |
| cb92239 | 2021-09-24 | | نێر | | پێگەیشتوو (18+) | جوتیار | |
| cb91588 | 2021-12-27 | | مێ | | پێگەیشتوو (18+) | | |

بۆ دەستکەوتنی لیستی قوربانیان، بە شێوەی ئۆنلاین، گرتە لەسەر ئەم بەستەرە بکە bit.ly/ecbb-dataset-ku

رِاپۆرتی کەمپەینی کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن

ئابی ٢٠٢٢

**پەیوەندیمان پێوەبکە:** endcrossborderbombing@gmail.com **وێبگە:** bit.ly/icssi-ecbb